# ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەبازارکردنی ئەلیکترۆنی؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر

**کارزان حسن عبدالرحمن [١]، جلال احمد عبدالله [٢]**

[١] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردن و راڤەکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە بواری بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی؛ هاوکات لەگەڵ بەهەندوەرگرتنی گۆڕانی ئاکامەکان بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری و پیشەوە. لەڕوی پاشخانی تیۆرییەوە سود لە تیۆری (پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن Media System Dependency Theory)وەرگیراوە. زانیارییەکان بەشێوەی چەندایەتی کۆکراونەتەوە بە بەکارهێنانی پێوەرێک، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە کۆی ئەو هاووڵاتیانەی شاری هەولێرن، کە بۆ بازاڕکردن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و (384)کەسیان بە نمونە بەشێوەیەکی مەبەستدار لێوەرگیراوە. بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکانیش، پەنابراوەتە بەر بەکارهێنانی بەرنامەی (spss). بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی هەن. هەرچەندە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاری بۆ جوڵەی بازرگانی و پرۆسەی کڕین و فرۆشتن و دابینکردنی کاڵا و پێداویستییەکان دەکەن و کات و تێچو دەگەڕێننەوە؛ هاوکات ئەو پلاتفۆرمانە سەکۆیەکن بۆ ڕێکلامکردن بڵاوکردەوەی زانیاری، ساغکردنەوەی کاڵاکان، ڕەخساندنی هەلی کار، بەڵام بواری فێڵ، ساختەکاری و فریودانی هاوڵاتیانیشیان فراوانتر کردووە؛ بەوهۆیەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جۆرێک لەدڵەڕاوکێ و بێمتمانەییان لای کڕیاران دروستکردووە؛ بەتایبەت کە پانتاییەکیان بۆ بازرگانیکردن بە جەستە و ساغکردنەوەی کاڵاو دەرمانی قەدەغەکراو ڕەخساندووە؛ سەرەنجام سەرەڕای زیان گەیاندن بەتەندروستی گشتی، بوونەتە مەترسی لەسەر کەلتورو ئاسایش و شیرازەی کۆمەڵایەتی.

**وشە سەرەکییەکان:** ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەبازارکردن، بەبازارکردنی ئەلیکترۆنی، بازاڕکردنی ئۆنلاین.

## پێشەکی [1]

پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئامرازە بەرفراوانانەن، کە بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری لەسەر ژیانی تاک دروست دەکەن و بونەتە سەکۆیەکی چالاک بۆ ئاشنابوون بە زۆرترین زانیاری، هەواڵ و دروستکردنی پەیوەندیی جۆراوجۆر و دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی تاک. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکردووە، لە بواری پەیوەندیکردن و بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاست و ئاسۆی پەیوەندیکردن، کە لەپێشتردا نەبووە، لە هەمانکاتدا بوارێکی گەورەی ڕەخساندووە بۆ کارلێککردن و دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر و گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ هەموو سنورەکان بەبێ بوونی چاودێری و سانسۆر (الدیهي،2015: 7 ).

پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ڕەگەزێکی سەرەکی و نوێی گەشەی ئابوری و بەجیهانیکردنی بازرگانی، پەیوەندیکردن، ئاڵوگۆڕی بازاڕ و ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەرانن (نصرالدین و حمید،2024: 30 ).

دەتوانین بڵێین ئابوری هاوچەرخ جۆر و شێوەی نوێی چالاکی پەیوەندیدار بەئابوری و زانیارییەکانی سەپاندووە؛ یەکێک لە گرنگترین شێوەکانی بریتییە لە بازرگانی و بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی زۆرێک لە پرۆسەکانی بەبازاڕکردن و پرۆسەکانی کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی کڕیار و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ فرۆشیار و ئامانجەکانیان.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتییانە دەستنیشان بکرێن، کە لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەکانی بەبازاڕکردنەوە دروست دەبن. جێگەی ئاماژەیە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشەکی لە چەند تەوەرێکی سەرەکی پێکهاتووە وەک لە خوارەوە خراونەتەڕو:

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ کانونی دووەم ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٢٣ شوبات ٢٠٢٦
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ ئازار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: jalal.abdullah@su.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ **کارزان حسن عبدالرحمن، جلال احمد عبداللە**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1.1 گرفتی توێژینەوەکە:

بەپێی توێژینەوەیەکی ئینگلیزی سیناریۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە ئابورییە بچوکەکاندا هاندەرە؛ بەپێی ڕاپۆرتی دۆخی بزنسە بچوکەکان، بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ئابورییە بچوکەکانەوە لەسەدا (12) بۆ لەسەدا (24) زیادیکردووە. جگە لەوە (69%)ی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نوێکاری یان بابەتی سەرنجڕاکێش بڵاودەکەنەوە؛ هەروەها نزیکەی (20%)ی کۆمپانیاکان چالاکانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیژی بەبازاڕکردن بەکاردەهێنن (Neti, 2011:4) .

پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی ئێستادا ژینگەیەکی نوێی دروست کردووە، کە بەشێوەیەک پەیوەندی و کارلێک لەنێوان تاکەکان بێ سنور بووە، هەروەها بەهۆی ئەم تایبەتمەندیی و ئاسانکارییانەی، کە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخساندویانە لەم سەردەمەدا، کاریگەرییان لەسەر خو و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە(Al-Jallad, 2019:202).

دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کوردی لە دوای ئەو پێشکەوتنانەی کە لەبواری گەیاندن و پەیوەندیکردن و تەکنۆلوژیای زانیارییەوە دروست بوون، بەتایبەتی هاتنە ناوەوەی کۆمەڵێک ئامرازی گرنگی وەک مۆبایلی زیرەک و سەکۆکانی ئینتەرنێت و بڵاوبوونەوەیان لەناو خەڵکدا؛ پاشان زیادبوون و پێشکەوتنی بەرنامە خزمەتگوزارییەکانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە دوای ساڵی (٢٠٠٤) وە بونەتە باوترین پلاتفۆرمەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندیکردن و بازرگانی لەناو خەڵکیدا، وەک (فەیسبوک، تیکتۆک، ئینستاگرام، سناپچات).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زۆر بوار و مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێن سەرەڕای ئەرک و ڕۆڵە سەرەکیەکەی لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و زانیارییەکان، لەهەمانکاتدا لە بواری بازرگانی و سیاسی و گەشتوگوزاری و کەلتوریدا بەکاردێن. ئەوەی ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی چڕ و بەرفراوان بۆ کاری بازرگانی و بەبازاڕکردن و ڕیکلام و بانگەشەی جۆراوجۆر بەکاردێن و خەڵکێکی زۆریش بینەر و بەکارهێنەری ئەم تۆڕانەن، بەتایبەت پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبوک، تیکتۆک، ئینستاگرام، سناپچات، بەڵام لە پاڵ ئەو ڕۆڵە ئەرێنییانەدا کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنیشی هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەت لەبارەی ڕەوشی خێزان و زیادبوونی خەرجی خێزان و برەودان بە کەلتوری بەرخۆری و خراپ بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە بۆ بەبازاڕکردنی کاڵاو بابەتی نەشیاو بە داب و نەریت و زیانگەیەنەر بە تەندروستی خەڵک؛ هەروەها سوکایەتیکردن و خۆدەرخستن و بەبازاڕکردنی جەستە و کەلوپەلی ناتەندروست و قاچاغ بۆ ناوداربوون و بەدەستهێنانی پارەو سامان، ئەم ڕەفتارانەش نامۆن بە کەلتوری کوردی.

لێرەدا پرسی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە هەوڵی گەڕان دەدات بەدوای وەڵامی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە: ئایا ئەو ئاکام و لێکەوتە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنیانە کامانەن، کە لەپای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بەبازارکردنی ئەلیکترۆنییەوە دروست دەبن؟ بەو واتایەش پرسیارەکانی توێژینەوەکە پێکدێن لە:

1. دیارترین ئاکامە کۆمەڵایەتیە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەبازاڕکردن و بازاڕکردن بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چین؟

2. جیاوازی هەیە، لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پیشە و باری خێزانداری)؟

### 2 .1. گرینگییەکانی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەستنیشانی دیارترین ئەو ئاکام و لێکەوتە کۆمەڵایەتیانە دەکات، کە لە بەبازارکردنی ئەلیکترۆنییەوە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکەونەوە؛ لەوەش گرنگتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تا ئاستێکی باش دەتوانن پەرە بە هۆشیاری پێویست بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای کڕیار و فرۆشیارانی ئۆنلاین بدات؛ ئەمەش دوای ناسینی ئەوەی لێکەوتەکانی چ جۆرە شێوازو بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتندا، ئاکامی کۆمەڵایەتی زیاتر نەرێنیان دەبێت. ئەو پێشنیاز و ڕاسپاردانەش، کە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن، ئەگەر بخرێنە بواری کردارییەوە، دەتوانن پرۆسەی بە بازاڕکردنی ئۆنلاین باشتر ڕێکبخەن لە چوارچێوەیەکی مەدەنی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیدا.

### 3.1. ئامانجەکانی توێژینەوە

ئاشنابوون بە ئاکامە کۆمەڵایەتیە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەبازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

دیاریکردنی جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوە (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون و باری خێزانداری).

### 4 .1. گریمانەکانی توێژینەوە:

1. زیادەڕۆییکردن لە هاندان بۆ بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پەرەی بە کەلتوری بەرخۆری داوە.
2. بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاسانکاری بۆ کڕیار دەکات کات و تێچوی بۆ دەگەڕێنێتەوە.
3. ئەو کەسانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاڵا و پێداویستییەکان دەکڕن، لە کوالێتیان دڵنیا نین و دەترسێن لەخشتەببرێن.
4. بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگای تێکداوە.
5. جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ڕەگەز هەیە.
6. جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی پیشە هەیە.
7. جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ئاستی خوێندەواری هەیە.
8. جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی تەمەن هەیە.
9. جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی باری ئابوری خێزان هەیە.

### 5 .1. چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

**1. 5. 1 تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لەو بەرنامە و سەکۆیانەی، کە بەکارهێنەران دەتوانن بەهۆیانەوە پەیوەندی بەیەکەوە بکەن؛ هەروەها دەتوانن پرۆفایلی زانیاری کەسی دروست بکەن و بانگهێشتی هاوڕێکانیان بکەن، بۆ ئەوەی دەستیان بەو پرۆفایلانە بگات، لەهەمانکاتدا دەتوانن ئیمەیڵ و پەیامی خێرا لە نێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکەن (Kaplan and Haenlein, 2010:63).

لەلایەکیترەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەکراون بە سەکۆیەکی پێشکەوتو، کە تیایدا تاکەکان دەتوانن لە پەیوەندیەکی بەردەوام بن لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیان؛ لەهەمانکاتدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێندرێن لەلایەن بازرگانان و فرۆشیاران وەک ڕێگەیەکی دیکە بۆ گەیشتن بە بەکارهێنەران و پرۆسەی بازارکردن (Paquette,2013:4).

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لەو بەرنامە ئەلیکترۆنیانەی، کە بەهۆیانەوە بەکارهێنەران و بەشداربووان دەتوانن پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیارییە جیاوازەکان بکەن، هەروەها دەتواندرێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاربێن بەتایبەت لە بواری بەبازاڕکردن و بازارکردندا، لەهەمانکاتدا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر ژیانی تاکەکان هەیە، وەکو فەیسبوک، تیکتۆک، سناپچات، یوتیوب...هتد.

**1.5. 2 بەبازاڕکردن (Marketing)**

بەبازاڕکردن بریتییە لە پرۆسەیەکی ئابوری، کە بەهۆیەوە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و بەهاکانیان لەڕوی نرخی پارەوە دیاری دەکرێن؛ یا پرۆسە و چالاکییەکە بۆ گواستنەوەی کاڵاکان لە شوێن و پێگەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ خاڵەکانی بەکارهێنان و بەکاربردن بەپێی خواستی بەکاربەران (Brunswick,2014:107).

بەبازاڕکردن چالاکییەکی بازرگانییە بە ئاراستەی ناردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بەرهەمهێنەرانەوە بۆ بەکاربەران (Wilkie and Moore,2007:269).

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە بەبازاڕکردن پرۆسەو چالاکییەکی ئابوری کۆمەڵایەتییە، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک پلان و بیرۆکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و کارلێکردن لە نێوان کڕیار و فرۆشیار بە ئامانجی ساغکردنەوەی کاڵا جۆراوجۆرەکان و تێرکردنی پێداویستییەکانی بەکاربەران.

**1. 5. 3 بەبازاڕکردن ئەلیکترۆنی (E-Marketing)**

بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی وەک کۆمەڵێک ئامراز و هۆکاری تەکنیکییە، کە بەکاردێت بۆ فرۆشتن و ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکاربەران، لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، یان لە ڕێگای تۆڕێکی دیجیتاڵییەوە، واتە بەکارهێنانی ستراتیژییەکی نوێی بازارکردنە لەڕێی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنەوە لەبواری زانیاری و پەیوەندیدا (زاید، 2019: 147).

بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی کارلێکێکی نێوان ڕێکخراوەکانی سەرمایەگوزاری و بەکاربەرە و لە پانتایی و ژینگەیەکی گریمانەییدا، لە پێناو بەدەستهێنانی سودی هاوبەش، بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئینتەرنێت دەبەستێت، مەرج نییە پرۆسەی بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی تەنها سەرنجی لەسەر بەکاربەر بێت و چاوی لە فرۆشتنی بەرهەمەکانی بێت، بەڵکو لە لایەکەوە بایەخ بە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی کار و سەرمایەگوزاری دەدات؛ لە لایەکیترەوە بایەخیش بە بەکاربەر و ڕەگەزە نێوخۆییەکانی ژینگەی دەرەکیش دەدات (أبو فارة، 2004: 109-110).

بەسودوەرگرتن لە ناوەرۆکی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، کە بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک چالاکی و ستراتیژی بەبازاڕکردنن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دوای ڕێکلامکردن و ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران بۆ کاڵاکان بەمەبەستی فرۆشتن و ساغکردنەوەیان.

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی، پەیوەندییەکی ئەلیکترۆنی ئابوری- کۆمەڵایەتییە لەنێوان کڕیار و فرۆشیاردا.

**1. 5. 4 بازاڕکردنی ئۆنلاین (Online Shopping):**

بازاڕکردنی ئۆنلاین، کە بە ئینگلیزی هەندێکجار (E-Shopping)یشی پێدەڵێن، هەر هەوڵ و چالاکییەکە، کە کڕیار لە تۆڕی ئینتەرنێدا دەیدات بۆ گەڕان بەدوای ئەو کاڵا و پێداویستییانەی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خراونەتەڕو و بەشێوەی ئۆنلاین لە لایەن کڕیارانەوە داوادەکرێن و دەکڕدرێن (لیلی، 2016: 85).

بازاڕکردنی ئۆنلاین شێوەیەکە لە شێوەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی، کە خۆی لە پەیوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیاراندا دەبینێتەوە و ئەم کردارانەی تیادا ئەنجام دەدرێن: گەڕان بەدوای ئەو پێداویستی و کاڵایانەی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا خراونەتەڕو، کڕین و گەیشتنیان بە کڕیار لە کەمترن کاتدا بە دو شێواز: ڕاستەوخۆ لە شوێنکارە بازرگانییەکان دوای بینین و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیانەوە لەڕێی ئینتەرنێتەوە؛ دووەم کڕینی کاڵاو پێداویستییەکان و دانی کرێی کڕینیان ڕاستەوخۆ لەڕێی ئینتەرنێتەوە (عيشوش و آخرون، 2021: 223).

بازاڕکردنی ئۆنلاین فۆرمێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە لەنێوان کۆمپانیاکان و بەکارهێنەراندا لەڕێی ئامرازێکی ئەلیکترۆنییەوە (نصيره، 2018: 3)؛ جا ئەو ئامرازە بژمێر (حاسوب) یا مۆبایل بێت دوای سەردانکردنی سایتە جۆراوجۆرەکانی فرۆشتنی کاڵاو پێداویستییەکان بە ئۆنلاین لە ئینتەرنێتدا(مصطفى، 2019: 317).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە بازاڕکردنی ئۆنلاین، گەڕان و بەرچاوکەوتنی هەر کاڵاو پێداویستییەکە، کە لە سایتەکانی ئینتەرنێت و ئەپ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەمەبەستی ساغکردنەوە و فرۆشتن خراونەتە بەر دیدی بەکاربەران؛ ئەوانیش هەوڵی کڕینیان دەدەن ڕاستەوخۆ دوای سەردانکردنی شوێنکارەکانی فرۆشتن یا داواکردنیان بە ئۆنلاین و دانی کرێی کڕین و گەیاندنیان دوای بەدەستگەیشتن؛ یا ڕاستەوخۆ لەڕێی هەژمارێکی بانکییەوە.

**1. 5. 4 ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان (Social Cnosequences)**

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی ئەو ئاکامانەن، کە کۆمەڵایەتیین یا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە و بەرەنجامی کردە، پرۆسە، هەڵسوکەوت یا هەڵوێست، ڕوداو، وتوێژ و بڕیار یا سیاسەتێکن؛ هەندێکیان بەیەکەوە پەیوەستن و هەر تەنها بەرهەمی یەک فاکت یا هۆکاریش نین؛ مەرجیش نییە هەموویان بەیەکەوە و لە یەک کاتدا دەربکەون؛ یا هەموویان ئەرێنی بن؛ ئەمەش بەوپێیەی لەڕوی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە کۆمەڵێک هۆکاری وەک شوێن، کات تەنانەت باری کۆمەڵایەتیش ڕۆڵ لە سەرهەڵدان و فۆرمەلەبوونیاندا دەگێڕن. (محمەد، 2004، 33-34).

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کاریگەرییانەن، کە سنوری ئامانجە بەرنامە بۆدارێژراوە ڕاستەوخۆکانی هەر ڕێکخراو و پرۆسەیەک تێدەپەڕێنن و ڕەنگدانەوەیەکی ماوە درێژیان لە ئاستێکی فراواندا بەسەر کۆمەڵگاوە دەبێت جاکاریگەرییەکان چ بە مەبەست بن یا لاوەکی و هەرچەندە سودی مادیشیان هەبێت، بەڵام لەڕوی کۆمەڵایەتیشەوە کاریگەرییان بەسەر ئاستەکانی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و دەشبنە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی (Onyx, 2014, 4).

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان دەرهاویشتەی دیاردە، کێشە یا گرفتێکی دیاریکراون، کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەرییان بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان و ڕەوشی کۆمەڵگاوە هەیە. (جبار، 2009،

لا10).

مەبەست لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان لەم توێژینەوەیەدا، هەموو ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنیانەن، کە لە کرداری بەبازاڕکردن و کڕینی کاڵا و پێداویستییەکان بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە شاری هەولێر دەکەونەوە و دەشێ ڕەنگدانەوەی دو لایەنەیان بەسەر دابونەریت، ڕێوشوێن و شێوازەکانی بازاڕکردن، کەلتوری بەکاربردن و شیرازەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت.

**1. 6 مێژوی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانیان لە بواری بەبازاڕکردن و بازرگانی ئەلیکترۆنیدا.**

کاتێك باس لە دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ، ئاماژە بە دو قۆناغ دەکرێت؛ ئەوانیش: یەکەم دەبەسترێتەوە بەنەوەی یەکەم (Web 1.0)، کە مێژووەکە بۆ ساڵی (1995) دەگەڕێتەوە، کاتێك پێگەی (Classmates) و (Sixdegrees) دامەزران، لەو پێگانەدا دەرفەت بەبەکارهێنەر دەدرا دۆسییەی کەسی خۆیان دابنێن و کۆمێنت لەسەر هەواڵەکان بنوسن ( شوانی،2021: 78).

قۆناغی دووەم دەبەسترێتەوە بە دەرکەوتنی نەوەی دووەم (Web 2.0) ی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو قۆناغە بۆ ساڵی (2002) دەگەڕێتەوە کاتێک، کە تۆڕی کۆمەڵایەتی (Ester Friend) دامەزرا (قاسم و جدای 2019: 18). پاشان چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی دیکەی وەك ,Twitter, Pinterest, Myspace, Tumbler, YouTube, Facebook, Tiktok, Linkedin, Instagram......هتد) دامەزران؛ ئەم قۆناغە تا ئێستا بەردەوامە و چەندین پالاتفۆرمی دیکەش دامەزراون.

لەدوای سەرهەڵدانی بەبازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی (web0.2)، گۆڕانکاری لەڕوی بەیەکگەیشتنی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕویدا ، چونکە پێشتر بەبازاڕکردن لەڕێگەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی (web 0.1) بریتی بوون لە بەرنامەی بەبازاڕکردنی جێگیر، کە سەردانیکەران تەنها دەیانتوانی بخوێننەوە بەبێ ئەوەی کارلێکبکەن و کاریگەری لەسەر یەک دروستبکەن، بەڵام یەکێک لە جیاکەرەوە و گۆڕانکارییە گەورەکانی بەبازاڕکردن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی (web 0.2)، بریتی بوو لە ڕەخساندنی قسەکردن و گوێگرتن و کارلێککردن و دروستکردنی متمانە لە نێوان سەردانیکەران، بۆیە ئەمەش بەیەکێک لە جیاکەرەوە هەرە گرنگەکانی بازارکردن لە ڕێگای ڕاگەیاندنی نوێ دادەندرێت (حدادي و مهري،2022: 57- 58).

سەبارەت بە مێژوی بڵاوبوونەوەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا، دەردەکەوێت مێژویەکی درێژیان نییە، چونکە سەرەتای بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانیان لە جیهاندا خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی میدیای هاوچەرخە، بۆ نمونە فەیسبوک لە ساڵی (2004) ەوە لەسەر دەستی (مارکزوکەربیرج) داهێندرا و بۆتە گەورەترین تۆری کۆمەڵایەتی بەکارهێندراو لەساڵی (2017)، هەروەها تۆری ئینستاگرام (2010) و تۆری سناپ چات (2011) و تۆری تیکتۆک لەساڵی (2016) دامەزراون (ئیروانی،2020: -25 27. لە کوردستانیش خەڵک بووە بەکارهێنەری ئەم تۆرانە لە دوای بڵاوبوونەوەیان بە جیهاندا، بەتایبەتی تۆری فەیسبوک لەدوای ساڵی (2009) خەڵک زیاتر پێی ئاشنا بوو لە کوردستان، بووە یەکێک لە بەربڵاوترین تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و وردە وردە بەکارهێندرا لە بوارە جۆراوجۆرەکان.

**1. 7 لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەبازارکردنی ئەلیکترۆنی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:**

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک لەبواری تەکنۆلۆژیای پەیوەندی، لەنێوایاندا بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک چەکێکی دو سەرە لەڕوی کاریگەری و ئاکامەوە؛ دەکرێ ئاکامەکانی بەکارهێنانیان ئەرێنی و نەرێنی بن؛ بۆیە جێی خۆیەتی و بزانین ئاکامەکانی بەکارهێنانیان لەبواری بەبازاڕکردندا چین و چۆن ڕەنگدانەوەی هەمەلایەنەیان بەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگاوە دەبێت.

**1. 7. 1 ئاکامە ئەرێنییەکانی بەبازاڕکردن و بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:**

**لەبواری بەبازاڕکردن و گەشەی بازرگانی:** تەکنۆلۆژیای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵێک ئامرازی چالاک و کاریگەرن لە گواستنەوەی بیروڕای کەسەکان و دام ودەزگاکان بۆ ناو بازار، بۆیە بازرگان و خاوەن کارەگەورەکان دەرک بە کاریگەری و گرنگی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لەراکێشانی سەرنجی کریار و ساغکردنەوەی کاڵاکان و بەبازارکردنیان.

وتەیەکی باو هەیە، لە بواری بەبازاڕکردن بریتییە لەوەی، کە بەرهەمەکان لە رۆژێکدا چەندە زیاتر دوبارە دەرکەونەوە و پیشانی کریار بدرێت ئەوەندە زیاتر فرۆشیان دەبێت، بۆیە یەکێک لە سودەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەیە، کە بەرهەم و کاڵاکان لە ماڵپەرەکانی بەکارهێنەران دوبارە پیشاندەدرێنەوە و ئەمەش کاریگەری لە خێراکردنی پرۆسەی بەبازارکردن دەبێت (مليكة، 2016: 274).

لەلایەکی ترەوە ماڵپەرە بازرگانییەکان لەناو ئینتەرنێت دەرفەتێکی باشی بۆ کۆمپانیاکان ڕەخساندووە ، بۆ ئەوەی کاڵاکانیان بفرۆشن و بەبازاڕ بکەن، بۆیە ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ کریار ڕەخساندووە، تاوەکو زۆرترین زانیاری لەبارەی کاڵا و بەرهەمەکان کۆبکەنەوە بتوانن بەرهەمی باش هەڵبژێرن و بکڕن (احمد،2002 :67).

هەروەها بۆ بابەتی بڕیاردان بۆ کڕین (Purchasing decision making) زۆرێک لە کۆمپانیا تایبەتمەندەکان لە بەبازارکردنی ئەلیکترۆنیدا سودیان لە ماڵپەڕ یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە، بۆ ڕیکلامکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان،ئەمەش دەبێتە هۆی بڕیاردان بۆ کڕینی ئەو کاڵا و بەرهەمانەی کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت؛ وەک فەیسبوک و تویتەر ..هتد بەمشێوەیە گەیشتن بە توێژێکی دیاریکراوی خەڵک و بە ئامانجکردنی بە ڕیکلامێک کارێکی زۆر چری لەسەر دەکرێت، خەڵکیش دەتوانێت زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی ورد سەیری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بکات، کە نەیانبینیوە لە هەر ئامرازێکی تری کڕین و لە کۆتاییدا بڕیاری کڕینی بدات (Hosni,2011:21).

کەواتە دەکرێت بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی باشن بۆ گەشەی بازاڕی ئۆنلاین بەواتای کڕین و فرۆشتن و دروستکردنی پانتاییەکی بەرفراوان بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵاکان، هەروەها ڕێگەیەکی ئاسانە و یارمەتی خاوەن بەرهەم و دوکانەکان بۆ بەبازاڕکردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەدات.

**لەبواری ناساندنی براندە جیهانییەکان و دۆزینەوەی هەلی کار:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، لە دۆزینەوەی هەلی کار و پیشاندانی پیشە جۆراوجۆرەکان بۆ تاکەکان. بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ پیشە جیاوازەکان، لە جیهانی ئەمرۆماندا زۆربەی کۆمپانیا و خاوەن کارەکان لەڕێگەی پێگەی فەرمی دامەزراوەکانیانەوە چەندین هەلی کار ڕادەگەیەنن بۆ بەکارهێنەران و دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمی کار (كزعى و بوشقايف،2018:-52 51). تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تارادەیەک بیرۆکەیەکی نوێن، بەڵام ئەوەندە ڕۆچونەتە ناو خەڵکەوە تا ئەو ڕادەیەی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، ئەم ماڵپەڕ و تۆڕانە ساڵانە ملیۆنان دۆلار کۆدەکەنەوە و کار بۆ خەڵکێکی زۆر دەدۆزنەوە و ئەو ڕیکلامە

بازرگانیەکەی بڵاودەکەنەوە، نەک هەر خۆیان پارەیەکی لە ڕادەبەدەریان دەستدەکەوێت، بەڵکو ئەو کۆمپانیایەی کە ڕیکلامەکەی کردوە چانسی بەرزبوونەوەی فرۆشییەکانی هەیە (ئیبراهیم،2014:71-70).

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆشیاری و ناساندنی براند دروستدەکات، کە یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکانی بازرگانی هەر بزنسێک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە بەکارهێنەران دەیانەوێت ئەو براندە بکڕن کە دەیناسنەوە، تەنانەت زۆرێک لە کڕیاران پلەیەکی دیاریکراوی دڵسۆزی براندیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی سودی درێژخایەنی بازرگانی ( ڕەمەزان و حەمە امین، 2023: 94) .

**لەبواری دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان:** دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و گەڕان بەدوای هاوڕێکاندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکاکانی دۆزینەوەی هاوڕێ و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسان کردووە، لەڕێگەی مۆبایلەکەی دەستییەوە( کزعی و بوشقایف،2018 : 51-52).

خێرایی لەبەدەست گەیشتنی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان وایکردووە، هەموو تاکێک ببێتە تاکێکی میدیایی، بۆ نمونە پێگەی تایبەتی کەسەکان دەکرێت وەکو کەناڵێکی کەسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە تیایدا دەتوانێت بەرهەمەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا فۆلەوەرەکانیشی ببنە بینەر بۆ ئەو بەرهەمانە، واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناوەندێکی ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵ و ڕوداوەکان و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانن (عسیری،2020: 366).

کەواتە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەبازاڕکردن و بازرگانیکردندا، بۆتە سەکۆیەکی کارا و گرنگ؛ هەم بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییە جۆراوجۆرەکان.

**لە بواری گۆڕانکاری لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکاندا:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاوێکن یان پێکهاتەیەکن، کە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەست و ڕەفتار و بیرکردنەوە و بڕیاری بەکارهێنەر هەیە، هەروەها ویستی بەردەوام بوونی پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەر دروست دەکات (سرجیوس،2021 : 367).

بێگومان بەهۆی ئەو پەیامە جۆراوجۆرانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەبنەوە و تاکەکانیش دەبنە بینەر و کاتێکی بۆ تەرخاندەکەن، ئەوا کاریگەریی لە دیدگا و بیرکردنەوە و ڕەفتاری دروستدەکات ، بۆ نمونە ئێستا بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەبازاڕکردن و خستنەڕوی پێداویستی و کەلاکان ئەوا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەشێک لەتاکەکانی گۆڕیوە، بەوپێیەی ئێستا خۆی ناچێت پێداویستییەکانی لەبازار بکرێت ، بەڵکو بە ئاسانی داوای دەکات و دەیکرێت بە شێوەی ئۆن لاین و دەگاتە دەستی.

**1. 7. 2 ئاکامە نەرێنییەکانی بەبازاڕکردن و بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:**

**فێڵکردن و ساختەکاری و فریودانی کڕیاران:** فێڵ لێکردن و ساختەکاری، لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی ناڕاست و فریودەر دەرەخسێنێت بۆ کەسایەتیەکی وەهمی یان کۆمپانیا و دامەزراوەیەکی وەهمی (سرحان و فخرالدین،2021: 66). کە مەبەست لێی دەست کەوتنی پارەیە بە ڕێگەی قەرزکردن یان وەبەرهێنان یان کڕینی شمەک و کاڵا و پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک، کە ئەمەش بەهۆی متمانەیەکی زۆری بەکارهێنەران و نەبوونی تێگەیشتنێکی تەواو لەسەر سروشت و تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەم تۆڕانەیە ( الحجار، 2017: 29).

واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر جار بەکاردێن بۆ مەبەستی پارە وەرگرتن و ساختەکاری لەڕێگای پیشاندان و ڕیکلامکردنی کۆمەڵێک بەرهەم و کاڵای کوالیتی خراپ بە بەرهەمی کوالیتی باش و خاوەن براندی جیهانی و فرۆشتنیان بە شێوازی ئۆنلاین و ساغکردنەوەی بەسەر کڕیاراندا، هۆکاریکە بۆ لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیان بەهۆی لەخشتەبردن و ساختەکارییەوە لە ڕێگەی ئۆن لاین و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

**زیان گەیاندن بە ڕەوشت و بەها خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان:** بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بازرگانی و ڕیکلام و پارە پەیداکردن بەداخەوە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک کەس بەناوی جیاجیا بوونەتە کارەکتەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بینەرێکی زۆریان هەیە، بەناوی کچە مۆدێل و یوتیوبەر و تیکتۆکچیەکان لە پێناوی بەرژەوەندی مادی و دەستکەوتی سامان، لەڕێگەی بەرنامەی ڕاستەخۆ و یاریکردنەوە کۆمەڵێک کار دەکەن کە لێکەوتەی خراپی لەسەر ئاکار و بەها و پەیوەندییە خێزانییەکان لەناو کۆمەڵگا هەیە، بۆ نمونە" دروست بوونی مۆدێل و فاشیۆن، مۆدێل و ئەکتەری ڕێکلام و چەندین کارەکتەری نامۆ بە کۆمەڵگا؛ ئەم دۆخەش نەوەیەک بەرهەم دێنێ کە کۆنترۆڵ نەکراوە هەموو بڕیارەکانی وا بەستەی غەریزەکانییەتی و عەقڵ و لۆجیک هیچ بەهایەکیان نییە، لێکەوتەی ئەم حاڵەتانە (چاولێکەری و لاسایکردنەوەیە) کە زۆرینەی خێزانەکان ڕێگا بەو جۆرە لە خۆدەرخستن و خۆ ڕوتکردنەوەیە نادەن و لە دەرەنجامدا بەریەکەوتن ڕوودەدات و کێشەکان گەورەدەبن و لە کۆنترۆڵ دەرئەچن" (کاوانی، 2022 ).

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی بوونەتە، سەرچاوەیەکی جەوهەریی بۆ گواستنەوەی زانیاری بە هەموو شێوەکانییەوە، هەروەها ڕێگەمان پێدەدات فێری بەها نوێیەکان و کەلتورە جیاوازەکان بین، ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگاکان پڕ بن لە ململانێ و گرفتەکان، چونکە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی بەهاکان لەم کۆمەڵگایەدا، واتە کاردەکات بە ئاراستەی دورخستنەوەی تاک و کۆمەڵگا لە بەهاکانی و ئاینەکەی (کریمة، 47:2019).

کەواتە دەکرێت بڵێین بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ مەبەستی بەرژەوەندی مادی و بەدەستهێنانی سامان بە تایبەتی (تیکتۆک و فیسبوک و سناپ چات) لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە بەناوی جیاواز لێکەوتەی خراپی دروستکردووە، لەسەر بەها خێزانییەکان و ئاکار و ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگا، چونکە لەڕێگەیەوە بازرگانی بە جەستە و قسەی نەشیاو و سوکایەتی تێدایە، کە نەگونجا و نەشیاوە لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵگا، بۆ مەبەستی ڕاکێشانی زیاتری بینەر و دەستکەوتێکی زیاتری مادیی.

**زیان گەیاندن بە تەندروستی و دەرونی کڕیاران:** بەهۆی کاریگەریی و بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بەبازاڕکردندا، وایکردووە خەڵکانێک ئەم تۆڕانە بەکاربهێنن بۆ مەبەستی ساغکردنەوە و فرۆشتنی کۆمەڵێک دەرمان و کاڵای قاچاغ و زیانبەخش، کە مەترسی و زیانیان لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان هەیە ،بە پێی ڕاپۆرتێکی مەیدانیی کەناڵی ڕوداو دەردەکەوێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆیەکن بۆ ئەم مەبەستە، بە گوێرەی وتەی (د.گۆڤەند ڕەوەند) سەرپەرشتی چاودێریی بازاڕ و بازگەکان لە کۆنترۆڵی کوالیتیی دەرمان دەڵێت" ئەو کەسانەی ئیشی دەرمانی قاچاخ دەکەن، پەنایان بۆ ئۆنلاین بردووە لە ڕێگەی گروپەکانەوە، هەروەها لە شاری هەولێر زیاتر لە (800) دەرمانخانە هەن؛ جگە لەو دەرمانە قاچاخانەی کە لە دەرمانخانەکان دەفرۆشرێن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بازرگانیکردن بە دەرمانی بێ سەرچاوە و قاچاخ کارەساتێکی دیکەی دروستکردووە"(ماڵپەری ڕوداو، 2024).

لەلایەکی ترەوە بەکارهێنان و ئالودەبوون بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەر مەبەستێک

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

بێت بەدەر نییە لە کاریگەرییە تەندروستی و دەروونییەکان، لەسەر بەکارهێنەر "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی دەروونی لەسەر تاک هەیە، بەشێوەیەک بەهۆی زۆر بەکارهێنان و ئالودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوچاری کۆمەڵێک نەخۆشی و حاڵەتی دەروونی دەبنەوە، وەک (فۆبیا، گۆشەگیری، خەمۆکی، قەڵەقی و ڕاڕایی، ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژانی دەروونی) هەموو ئەمانەش کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستیی دەروونی بەکارهێنەران هەیە"( نصرالدين و حميد، 2024:311) .

**8.1 لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەبازارکردنی ئەلیکترۆنی، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشو**

**1. 8.1 توێژەر (حاسي مليكة) لە توێژینەوەکەیدا لە بارەی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەبازاڕکردنی بازرگانی- لێکۆڵینەوە لەبارەی گرنگی و جیاکەرەوەکان) گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- (مليكة ، 2016 :280).**

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆریان لە بواری ئابوری هەیە، چونکە زۆربەی دامودەزگاکان و کۆمپانیاکان ئەم تۆڕانە بەکاردێنن بۆ پرۆسەکانی بەبازاڕکردن و ڕیکلامکردن، هەروەها بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کڕیارە بیانییەکان).
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی باش دەڕەخسێنێت، بۆ دامودەزگا و کۆمپانیا بچوک و مامناوەندەکان تەنانەت بۆ دوکانەکانیش، تاوەکو ڕیکلام و بانگەشە بۆ کاڵا و بەرهەمەکانیان بکەن بەخۆرایی ئەم ڕیکلامانە بگاتە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لە جیهان.

**2. 8.1 توێژینەوەی توێژەران (E S Soegoto و A T Utomo) لەبارەی (ستراتیژی بەبازاڕکردن لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە - Marketing Strategy Through Social Media) گەیشتونەتە چەند دەرئەنجامێک:- ( Soegoto and Utom ، 2019 :6).**

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە بوارێکی گەورە بۆ ئەوەی وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ پەرەپێدانی کاڵا یان فرۆشتنی ئەو کاڵایانە، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو داهێنانە ناوازانەی، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی ئینستاگرام زۆرترین بەکارهێنانی بۆ بازرگانی مامناوەند تا بچوک هەیە.
- تەکنۆلۆژیا ئاسانکاری زۆر کردووە، بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کڕیاران دەتوانن لە هەر شوێنێک کاڵا داوا بکەن و مامەڵەکان بکەن.

3. 8.1 توێژەران (بن يحي حميدة و اونيس عبدالمجيد) لە توێژینەوەکەیاندا، لە بارەی (ڕۆڵ و کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بڕیاری کڕینی کاڵا لەلایەن بەکاربەرەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە – لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە نمونەیەک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە جەزائیر) گەیشتونەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:- (حميدة و عبدالمجيد، 2020:13).

-کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرێژەی جیاواز لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی کڕین لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەیە، کە دەوەستێتە سەر ڕادەی دەرکپێکردنی بەکاربەری جەزائیری لەو بەرهەمانە و هەروەها زۆری ڕیکلام کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێت.
- قۆناغی گەڕانی بەکاربەری جەزائیری بۆ زانیاری دەربارەی ئەو بەرهەمانەی، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕیکلامیان بۆ دەکرێت کاریگەرییەکەی مامناوەندە، بەو پێیەی توێژینەوەکە سەلماندی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدەن، کە زانیاری و ئەزمونەکان لەبارەی ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکرێن ئاڵوگۆڕ بکەن.

**4. 8.1 توێژەر (Yue Fang) لە توێژینەوەکەیدا، بە ناونیشانی (لە سەردەمی (Web2.0)دا، بەبازاڕکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی بازرگانی دەهێنێتە ناو کۆمپانیاکان- In the Web2.0 Era, Social Media Marketing Brings Business Opportunities to Enterprises). گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی خوارەوە:- (Fang, 2020: 929).**

- ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شوێنەیە، کە خەڵکی لێیە و ئەوەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان کات و پارەی پەیوەندیکردن لەگەڵ بەکاربەران لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەبەربهێنن، فەیسبوک کە پلاتفۆرمی پێشەنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، زیاتر لە ملیارێک بەکارهێنەری هەیە.
- ژمارەیەکی زۆر ڤیدیۆ هەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەندێک تایبەتمەندییان هەیە: مۆسیقایەکی زیندویان هەیە، وێنەی زیندویان هەیە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر باری دەرونی بەکارهێنەر هەیە، بۆیە زیندویی وێنەکانی ناو ڤیدیۆکە و ناوەڕۆکەکەی پەیوەندییەکی سودبەخشی هاوبەش دروست دەکات، کارلێکی نێوان وێنە و ناوەڕۆک هەستێکی بەهێزتر بەرهەم دەهێنێت، کە سەرنجی زیاتر ڕادەکێشێت و ڕەنگە کاریگەریی درێژخایەنی زیاتری لەسەر بەبازاڕکردن و ڕەخساندنی دەرفەتەکانی هەبێت.

لەژێر ڕۆشنایەتی توێژینەوەکانی پێشو، دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و میدیای نوێ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەک یاخود ئامرازێکی گرینگی گەشەپێدانی بواری ئابوری و بازرگانی لەجیهاندا، چونکە بەهۆیەوە بوارێکی نوێی بەبازاڕکردن و مامەڵەی بازرگانی و دارایی هاتۆتە کایەوە، بوونەتە جێگەی متمانەی کۆمپانیاو شوێنە بازرگانییەکان بۆ ڕەواجپێدان و ڕیکلامکردن و بەبازاڕکردنی کەل و پەل و کاڵاکان، سەرەڕای ئەوەش بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە لە پێناو دەستکەوتی ماددی ئاسەواری نەرێنی لێدەکەوێتەوە لەسەر ڕەوشت و بەها خێزانییەکان و هەروەها بابەتی متمانە و تەندروستی و دەرونی بەکارهێنەران.

**9.1. پاشخانی تیۆری توێژینەوەکە:**

لەم تەوەرەدا ئاماژە بەو تیۆرییە دەکەین، کە خزمەت بەبابەتی توێژنەوەکەمان دەکات و ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕاڤەکردنی بابەت و ڕەهەندە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوەکە هەیە.

**1.9.1. تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ( Media System Dependency Theory)**

بیرۆکە سەرەکییەکانی تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (MSD) بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ زانایان (ساندرا ج.بۆل-ڕۆکیچ) و (میلڤین دیفلور) (Ball-Rokeach & Melvin Defleur) لەوکاتەی وتارەکەیان بڵاوکردەوە لەساڵی (1974)دا بەناوی ( Information Perspective) (Chan kim,2020:3).

ئەم تیۆرە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەر، هەروەها تیشک دەخاتە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی؛ کە بۆچی جەماوەر پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دەبەستن ؟ تیۆرەکە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان بەشە بچوک و گەورەکانی ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوت و کاریگەریی هەر بەشێک تێبگات لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان بەشەکان بەیەکترەوە. لەبەر ئەوەی میدیا بەشێکە لەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە، بۆیە تیۆرەکە تیشکدەخاتە سەر ئەو پەیوەندی و پشت بەستنەی، کە تاکەکان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دروستی دەکەن (هليل و اخرون، 2023: 58).

(ڕۆکیچ و دیفلور) چەمکی پشتبەستن (Dependency) پێناسە دەکەن بەو

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

پەیوەندییەی کە جەماوەر وەکو سەرچاوەیەک پشت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن، بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان یاخود بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانجی دیاریکراو، ئەم پشت بەستنەش بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە زۆر شوێندا دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە دۆزینەوەی باشترین کرداری کڕینی کاڵا و پێداویستییەکان لە بازار، یاخود بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ئەو جۆرە زانیاریانەی، کە یارمەتیدەر دەبن بۆ پەیوەندیکردن و ئاشنابوون بە جیهانی کۆمەڵایەتی، لە هەمانکاتدا ئامانجی سەرەکی تیۆری وابەستەیی پشت دەبەستێتە سەر بوونی ئەو پەیوەندییە کارلێککردوانەی کە لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خەڵک و کۆمەڵگا و سیستەمەکانیدا هەیە (Rokeach and Defleur 1976: 6).

کەواتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک بە شێک لەمیدیای نوێ، سەرچاوەیەکن بۆ تاک و جەماوەر بۆ ئەوەی زانیاری و هەواڵەکانیان پێبگات، ئەمەش پرۆسەی کارلێککردن دروستدەکات لە نێوان تاکەکان و ناوەڕۆک و پەیامەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە دەرئەنجامدا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی ، لەسەر ڕای گشتی و هزری تاک و جەماوەر دروست دەبێت.

داڕێژەرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سێ کاریگەری سەرەکی لە ڕێگای بەکارهێنان و پشتبەستنی جەماوەر لەسەر ئەم ئامرازانە دروستدەکەن، کە بریتیین لە کاریگەرییە مەعریفیەکان، کاریگەرییە سۆزدارییەکان کاریگەرییە ڕەفتارییەکان (الموسى،164:1989).

**کاریگەرییە مەعریفیەکان Cognitive Effects:**

**کاریگەرییە مەعریفیەکان بریتیین لە: (الحاج، 2020: 146).**

- زاڵبوون بەسەر کێشەی ناڕونی (Ambiguity):- واتە زاڵبوونە بەسەر کەمی یان نەبوونی زانیاری بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی ئەو ڕوداوانەی کە تاکەکان بەرکەوتەیان لەگەڵ دەبێت، واتە لە ڕێگای ئامرازەکانەوە زانیاری باشیان پێدەگات.

- دروستکردنی ئاراستەکان (Attitude formation):- ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هەمیشە کاردەکەن بۆ وروژاندنی تاکەکان بۆ ئەوەی گرنگی بە کەسایەتی و بابەت و ڕوداوەکان بدەن و ئاراستە بەرامبەریان دروست بکەن.

-ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکان (Setting-Agenda): ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕۆڵیان ، لە ڕێکخستنی گرینگیدانەکانی جەماوەر بەرامبەر بە پرس و ڕوداو و تاکەکان هەیە.

- فراوانکردنی بیروباوەڕ (expansion of beliefs): ئامرازەکانی پەیوەندیکردن ڕۆڵیان ، لە فراوانکردنی بیروباوەڕی جەماوەر لەبارەی ڕوداو و مرۆڤەکان و گروپەکان هەیە.

**کاریگەرییە سۆزدارییەکان: Affective Effects**

بەرکەوتنی قورسی تاکەکان بە بابەتە توندوتیژییەکان لە میدیاکان بەتایبەتی تەلەفزیۆن، دەبێتە هۆی بێباکی سۆزداری و نەبوونی ئارەزوی یارمەتیدانی کەسانی دیکە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکەن، لە هەمانکاتدا ئەگەر پەیامەکانی ڕاگەیاندن هەڵگری کەلتور و خۆشەویستی بن، دەتوانێ ڕۆڵی ئەرێنی لە بەرزکردنەوەی ورەی تاکەکان بگێڕێت (الحاج، 2020: 147).

**کاریگەرییە ڕەفتارییەکان Behavioral Effects:**

بەبڕوای (ڕۆکیچ و دیفلور) هەر یەکە لە کاریگەرییە مەعریفی و سۆزدارییەکان گرینگن، واتە گۆڕانکاری لە هەڵوێست و باوەڕ و بارە سۆزدارییەکان سەرنجڕاکێشن، بەڵام لەوە گرینگتر ئەویە کاریگەری پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕەفتاری تاکەکان لەبەرچاو بگیرێن، کە بریتیین لەدو کاریگەری چالاککردن و ناچالاککردن ( Rokeach & Defleur, 1976: 16).

- چالاککردن (Activation):- چالاککردن واتە حەماسەتی تاک بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێکی ئەرێنی یان نەرێنی بەهۆی بەرکەوتنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

- ناچالاککردن (de-Activation):- واتە نەبوونی چالاکی و نەبوونی حەماسەت بۆ ئەنجامدانی کارێکی ئەرێنی یان ڕەفتارێکی نەرێنی، بەهۆی بەرکەوتنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە (Rokeach & Defleur 1976: 16-18).

کەواتە دەکرێت پشت بەم تیۆرە ببەستین بۆ شرۆڤەکردن و تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی. لەم سەردەمەدا پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێک لە ژیان، واتە هاوڵاتیان پشتیان پێدەبەستن و بەکاریان دەهێنن و کاتی خۆیان بۆ تەرخان دەکەن بەدیار ئەو پەیام و ناوەڕۆکە جۆراوجۆرانەی، کە پەخش دەکرێن لە ڕێگای ئەم تۆڕانەوە، کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەکاردێن، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی (مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتاری ) لەسەر بینەر و بەکارهێنەر و کۆمەڵگا دروستدەکات؛ بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە سەرچاوەیەک یاخود کەناڵێک بۆ ئاشنا بوون بە زانیاری و هەواڵە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەت لە بواری بازرگانی و بەبازاڕکردن و بازارگەری، چونکە زۆربەی دەزگا و کۆمپانیا و شوێنە بازرگانی و مارکێتەکان، خاوەن هەژماری تایبەتن لەناو پلاتفۆرمە جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەکاریان دەهێنن بۆ مەبەستی ڕیکلام و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی کاڵاکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەو ئاکامە ئەرێنییانەش بەدەر نین لە ئاسەوار و لێکەوتەی خراپ، بەتایبەت کاتێک ئەم تۆڕانە بەکاردێن بۆ پارە پەیداکردن و فێلکردن و ساختەکاری بێ گوێدانە کەلتور و ئاکار و بەهای جوانی کۆمەڵگا، واتە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کاریگەرییە سەرەکییانەی کە تیۆرەکە باسی کردون (کاریگەرییە مەعریفیەکان، کاریگەرییە سۆزدارییەکان، کاریگەرییە ڕەفتارییەکان)، بۆمان ڕوندەبێتەوە پشت بەستن و پەیوەست بوون بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و میدیا، ئاکام و لێکەوتەی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بینەر و بەکارهێنەر هەیە.

## 2. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### 2. 1 جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە لەڕوی جۆر و میتۆدەوە؛ میتۆدی چەندایەتیش (Quantitative Method) بەگوتەی (Apuke) (2017) ئەو میتۆدەیە، کە بە هۆیەوە دەتواندرێت ڕاڤەو شیکردنەوە بۆ دیاردەیەک یان پرسێک بکرێت، لە ڕێگای کۆکردنەوەی داتا بە شێوەی ژمارەیی و پاشان شیکرنەوەی داتا ژمارییەکان بە بەکارهێنانی ئامار. پاڵپشت بەو بۆچوونە و بەلەبەرچاوگرتنی سروشت و تایبەتمەندی توێژینەوەکە، توێژەران لەڕێی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە زانیاریان کۆکردۆتەوە لەبارەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەبازاڕکردن و بازاڕگەردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

### 2. 2 کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە هەموو ئەو کەسانەی شاری هەولێر پێکدێن، کە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکەن؛ یا کاڵا و پێداویستییەکانیان دابینکردووە. بەوپێیەش کە قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە نەزانراوە و بە دروستی نازانرێ چەند کەس لە شاری هەولێردا بەم کارەوە سەرقاڵن، بۆیە نمونەی توێژینەوەکە لە جۆری مەبەستدارە؛ پرسیار و برگەکان بە ئۆنلاین بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر نێردراوە، کە لەماوەی نێوان (6 تا 2024/8/29)

تەنها (499) کەس وەڵامیانداوەتەوە؛ لەو ژمارەیەش (397)یان یەکێک یا زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە. دوای پشکنینی وەڵامی ئەوانەی دەبوونە نمونە و بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان؛ وەڵامی (13) کەس دور خرانەوە لەبەر کەموکووڕی لە وەڵامەکانیاندا؛ بەو جۆرە (384) مایەوە، کە لەڕوی زانستییەوە و بەپێی ڕێککارە ئامارییەکان نمونەیەکی قەبارە شیاوە و دەتوانن نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژنەوە بکەن.

### 2. 3 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:

لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە، دوای ئەنجامدانی پرسە توێژینەوەیەکی سەرپێی لەگەڵ چەند فرۆشیارێک و ئەو کەسانەی کە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاڵا و پێداویستییەکان دەکڕن؛ هاوکات خوێندنەوەی چەند توێژینەوەیەکی نزیکن لە بابەتی توێژینەوەکەمان؛ ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەتمان بە توێژینەوەکە ئامادە کرد. ئامرازەکە جگە لە پرسینی شوێنی نیشتەجێبوون، ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانداری، ئاستی خوێندەواری، پیشە، داهاتی مانگانەی خێزان، ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە (36) بڕگەش پێکدەهات سەبارەت بە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بە بازارکردنی ئەلیکترۆنی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بڕگەکان بە یەکێ لەو پێنج هەڵبژاردانە وەڵامدەدرێنەوە: (زۆر لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم، لەگەڵیدانیم، هیچ لەگەڵیدانیم). بۆ دڵنیابوون لە مەرجە سایکۆمەترییەکانی ئامرازەکەش، پەیڕەویمان لەم هەنگاوانەی خوارەوە کرد:

### 2. 1.3 ڕاستێتی وجێگیریی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:

**ڕاستێتی ناوەڕۆک (شارەزایان) (Content Validity):** بۆ هەڵسەنگاندن و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی پرسیار و بڕگەکانی ئامرازەکە، توێژەران ڕاو سەرنجی (6)[2] شارەزای ئەکادیمی پسپۆڕیان لەبوارەکانی کۆمەڵناسی، ئابوری و ڕاگەیاندن وەرگرت. دوای بەهەندوەرگرتنی ڕاو سەرنج و تێبینی شارەزایان دەرکەوت، کە تەنها (2) بڕگە ئاستی ڕەزامەندی شارەزایان لەسەریان کەمترە لە (80%)؛ لەسەر ئەو بنەمایەش لابران. لەسەر پێشنیازی شارەزایانیش ژمارەیەکی کەم لە پرسیار و بڕگەکان هەموارکران؛ هەندێک پرسیار و بڕگەی نوێش زیادکران. کەواتە زۆرینەی شارەزایانی هەڵسەنگێنەر لەسەر زۆرینەی ڕەهای ناوەڕۆکی ئامرازەکە ڕەزامەند بوون.

**پەیوە ستی ناوخۆیی بڕگەکان (Inter-item Correlation):**

بۆ دڵنیابوون لە بوونی پەیوەستی لەنێوان نمرەی بڕگەکانی هەر تەوەرێک بە یەکدی و لەگەڵ کۆپەیوەستیان بە کۆنمرەی هەموو بڕگەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، نمونەیەکی (30)کەسی لە کۆمەڵگای توێژینەوە وەرگیرا. دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی پەیوەستی پێرسۆن، ئەنجامەکان نیشانیاندا، کە بەهای پەیوەستی سەرجەم تەوەرەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، کە پێکدێن لە: زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کەلتوری بەکاربەری، ئاسانکاری و کەمی نرخ و گەڕاندنەوەی کات، نادڵنیایی لە کوالیتی کاڵاو پێداویستییەکان، شیرازەی کۆمەڵایەتی و خێزان هەریەکەیان بە بەیەکتری و بەگشتی دەکەوێتە نێوان( 0.579 )تا (0.918) ئاماژە ئامارین لە ئاستی باوەڕی (0.01)دا

**جێگیری ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:** توێژەران بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ئاخۆی ئەو بڕگانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە چەند تەوەرێکدا ئامادەیان کردون جێگیر و گونجاون یا نا ، پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماریی ئەلفاکرۆنباخ ( Cronbach Alpha test)؛ئەنجامی تاقیکردنەوەکە نیشانیدا، کە بەهای پەیوەستی سەرجەم بڕگەی تەوەرەکانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی بەیەکترییەوە و بەگشتی دەکەوێتە نێوان( 0.623 )تا (0.907). پاڵپشت بە بۆچوونی هەریەکە لە (Hulin) و (Netemeyer) و (Cudeck) (2001)؛ هەروەها بۆچوونی(Ha) (2020)، کە پێیانوایە هەر بەهایەکی پەیوەستی ئەلفاکرۆنباخ لە (0.60) زیاتر بوو، ئەوا لەڕوی ئامارییەوە شیاو و جێگیر و قبوڵکراوە.

### 2. 4 دابەشبوونی سروشتی زانیارییەکان:

توێژەران لەپێناو دڵنیابوون لە بەسروشتی دابەشبوونی ئەو زانیاریانەی کۆیانکردونەتە و پێش کار لەسەرکردنیان بە بەکارهێنانی ئامراز و تاقیکردنەوە ئامارییەکان، پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کۆلمۆگۆرۆڤ سمیرنۆڤ و شاپیرۆویلک(Kolmogorov-Smirnov Test (K-S) & Shapiro - wilk). ئەنجامی تاقیکردنەوەکە نیشانیدا، کە زانیارییەکان بەسروشتی دابەشبوونە؛ ئەمەش بەوپێیەی بەهای (Siq)ی کۆلمۆگرۆڤ بە بەهای (0.122) و هی شاپیرۆ بە بەهای (0.138) گەورەترن لە بەهای ئاستی باوەڕی (0.05). بەو واتایە توێژەران دەتوانن ئامراز و تاقیکردنەوە ئامارییە پارامیترییەکان بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە بەکاربهێنن.




[2]. *شارەزایان پێکدێن لە: 1- پ.ی.د. شهلا ولی جبار/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر/ کۆمەڵناسی/ کۆمەڵناسی شار و شێوازی ژیان. 2- پ.ی.د. صادق حمەغریب صالح/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر/ ڕاگەیاندن/ ڕاگەیاندن و قەیرانەکان. 3- پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر/ ڕاگەیاندن/ ئیتیکی میدیا. 4- پ.ی.د. اسماعیل مصطفی عبدالرحمن/ ز. پۆلیتەکنیکی هەولێر/ ئابووری. 5- د. هەرمن شێرکۆ نصرالدین/ پەیمانگای تەکنیکی دوکان و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ میدیای نوێ و بازاڕی کۆمەڵایەتی. 6- د. هیوا علی عمر/ ز. سەڵاحەدین-هەولێر/ کۆمەڵناسی/ کۆمەڵناسیی نەسەقی سیاسی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

## 3. خستنەڕو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

### 3. 1 خستنەڕوی خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

بەپێی ئەنجامەکانی نێو خشتەی (1)دا بە ڕێژەی (55.5%)ی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێر؛ ڕێژەی (44.5%)یان لە ڕەگەزی مێن؛ بەو واتایەش بەڕێژەی (11%) پیاوان لە ژنان زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕکردن بەکاردەهێنن بەپێی ئەو نمونەیەی وەرگیراوە لە توێژینەوەکەدا. سەبارەت بە تەمەنیش وەک لە خشتەکەدا دیارە، کە ڕێژەی هەرەزۆری بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕکردن ئەوانن، کە تەمەنیان لەنێوان(28-37) ساڵیدایە بەڕێژەی (39%)؛ دوای ئەوانیش ئەوانە دێت، کە تەمەنیان لەنێوان 38 تا 47 ساڵیدایە بەڕێژەی (28%)؛ ئەوانەی تەمەنیان (- 27 18) ساڵیە بەڕێژەی (27%) و لە تەمەنی 48 و بەرەو سەر تەنها بەڕێژەی (6%)یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن. بەو واتایە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر بۆ بازاڕکردن بەکاردەهێنرێن.

لەڕوی باری ئابوری خێزانەوە زۆرترین بەکارهێنەرانی تورە کۆمەڵایەتییەکان لە نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (62%) باری ئابوری خێزانیان مام ناوەندە؛ ئەوانەشی کە باری ئابوریان باشە بەڕێژەی (30%)، خراپە بەڕێژەی (4%)، زۆرباشە بەڕێژەی (3%) و زۆر خراپە بەڕێژەی (1%) تۆڕ کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن.

لەڕوی ئاستی خوێندەواریشەوە زۆرینەی نمونەکە بەڕێژەی (67%)دەرچوی زانکۆن؛ ئەوانەی ماستەرو دکتۆرایان هەیە بەڕێژەی (21%) و دەرچوانی پەیمانگا بەڕێژەی (6%)، هەریەکە لە دەرچووانی ئامادەیی (3%) و دەرچووانی ناوەندی و بەرەو خواریش بەڕێژەی (3%) لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریکی بازاڕکردنن.

وەک دەردەکەوێت مامۆستا و فەرمانبەران بەڕێژەی (50%)ی نمونەی توێژینەوەکە وەک زۆرترین ڕێژە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن بۆ بازاڕکردن. نیوەکەی تری نمونەی توێژینەوە قوتابیان بەڕێژەی (16%)، هەریەکە لە (ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و سکیورتی) و (بێ کاران) بەڕێژەی (8%)، پیشەی تر بەڕێژەی (5%)، کاسب و ئەوانەی پزیشک و ئەندازیار و پارێزەرن هەریەکەیان بەڕێژەی (4%)، کابانی ماڵ بەڕێژەی (3%)،ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن بەڕێژەی (2%) بۆ هەمان مەبەست تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (31%) ئینستاگرام وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ بازاڕکردن بەکاردەهێنن؛ ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەکەی (**Soegoto and Utom، 2019**)یە. بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ هەمان مەبەست بەمجۆرەیە: فەیسبوک بەڕێژەی (26%)، زۆربەی تۆڕەکان (13%)، ماسنجەر (7%)، وەتسئەپ (6%)، فەیسبوک و ئینستاگرام پێکەوە (5%)، هەریەکە لە تیکتۆک و ڤایبەر و سناپچات و جگە لەو تۆڕانەی ناویان هاتووە (3%). سەبارەت بەو کاڵا و پێداویستیانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، ئەنجامەکانی نێو خشتەکە نیشانی دەدەن، کە زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (31%) تۆڕەکان بۆ دابینکردنی کاڵاو و پێداویستی ڕازاندنەوە و ئارایش و بۆن و جلوبەرگ و پێڵاو بەکاردەهێنن؛ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بوارێک یا دابینکردنی کاڵاو پێداویستییەک بەمجۆرەیە: زۆربەی ئەو پێداویستیانەی لە خشتەکەدا نێویان هاتووە (27%)، جگە لەو پێداویستیانەی نێویان هاتووە (9%)، هەریەکە لە خواردن و خوردنەوە و سەیارە و کەلوپەل و پێداویستییەکانی (7%)، کتێب و پەڕاوگە (6%)، هەریەکە لە ئامێرە کارەباییەکان و مۆبیلیاتی ناوماڵ و کۆمپیوتەر و بەرنامە و پێداویستییەکانی یاریکردن (4%)، پێداویستییەکانی ناوماڵ و چێشتخانە (3%)، کەلوپەلی کارکردن (2%).

خشتەی (1)

خەسڵەتە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| | گۆڕاو | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 213 | %55.5 |
| | مێ | 171 | %44.5 |
| | کۆی گشتی | 384 | %100 |
| تەمەن | 27 – 18 | 104 | %27 |
| | 37 – 28 | 150 | %39 |
| | 47 – 38 | 108 | %28 |
| | 57 – 48 | 16 | %4 |
| | 67 – 58 | 6 | %2 |
| | کۆی گشتی | 384 | %100 |
| ئاستی خوێندەواری | دەرچوی ناوەندی و بەرەو خوار | 11 | %3 |
| | دەرچوی ئامادەیی | 13 | %3 |
| | دەرچوی پەیمانگا | 22 | %6 |
| | دەرچوی زانکۆ | 257 | %67 |
| | ماستەر/ دکتۆرا | 81 | %21 |
| | کۆی گشتی | 384 | %100 |

تەواوکەری خشتەی (١)

| گۆڕاو | | | ژمارە | % |
|---|---|---|---|---|
| باری خێزان | ئابوری | زۆر خراپ | 4 | %1 |
| | | خراپ | 16 | %4 |
| | | مام ناوەند | 238 | %62 |
| | | باش | 115 | %30 |
| | | زۆر باش | 11 | %3 |
| | | کۆی گشتی | 384 | %100 |
| پیشەی سەرەکی | | قوتابی | 61 | %16 |
| | | بێکار | 30 | %8 |
| | | کابانی ماڵ | 10 | %3 |
| | | مامۆستا | 113 | %29 |
| | | کاسب/کرێکار | 16 | %4 |
| | | فەرمانبەر | 79 | %21 |
| | | ئاسایش/پێشمەرگە/ پۆلیس/سکیوریتی | 32 | %8 |
| | | پزیشک/ ئەندازیار/ پارێزەر | 16 | %4 |
| | | کاری ئازاد | 9 | %2 |
| | | کاری تر | 18 | %5 |
| | | کۆی گشتی | 384 | %100 |
| کام لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەت بەکارهێناوە بۆ داواکردن یا کڕین/فرۆشتنی کاڵا و پێداویستییەکان؟ | | فەیسبوک Facebook | 99 | %26 |
| | | ئینستاگرام Instagram | 121 | %31 |
| | | تیکتۆک titoki | 12 | %3 |
| | | سناپچات snapchat | 10 | %3 |
| | | ماسنجەر messenger | 27 | %7 |
| | | ڤایبەر vibe | 13 | %3 |
| | | وەتسئەپ WhatsApp | 23 | %6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Instagram/ Facebook | 19 | %5 |
| | زۆربەیان | 50 | %13 |
| | تۆڕی کۆمەڵایەتی تر | 10 | %3 |
| | کۆی گشتی | 384 | %100 |
| | سەیارە و کەلوپەل و پێداویستیەکانی | 28 | %7 |
| | کۆپیوتەر و بەرنامە / پێداویستییەکانی یاریکردن | 15 | %4 |
| کام لەم کاڵا یا پێداویستیانەت بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کڕیوە یا فرۆشتووە؟ | پێداویستییەکانی ڕازاندنەوە و ئارایش و بۆن و جلوبەرگ و پێڵاو | 119 | %31 |
| | مۆبیلیاتی ناو ماڵ | 16 | %4 |
| | پێداویستییەکانی چێشتخانە و ناوماڵ | 12 | %3 |
| | خواردن و خواردنەوە | 28 | %7 |
| | کتێب و پەڕاوگە (قرتاسیە) | 23 | %6 |
| | کەلوپەلی کارکردن | 7 | %2 |
| | ئامێرە کارەباییەکان | 16 | %4 |
| | دیکە | 33 | %9 |
| | زۆربەی ئەو پێدایوستیانەی سەرەوە | 87 | %23 |
| کۆی گشتی | | 384 | %100 |

## 3. 2. ئەنجامەکانی تایبەت بە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەبازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:

### 3. 2. 1. ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:

**زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کەلتوری بەکاربەری:**

ۆ وەڵامدانەوەی ئامانج و بڕگەکان سەبارەت بە زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کولتووری بەکاربەری وەک ئاکامێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنیدا، توێژەران پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو (الوسط الحسابي المرجح)، دوای دیاریکرنی بەهای ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو (3) و کێشی سەدی (60%) توێژینەوەکە و بەراوردکردنیان بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و کیشی سەدی بەدەستهاتووی بڕگەکان. بەپێیۆ ئەو زانیارییانەی لە خشتەی (2)دا خراونەتەڕوو دەردەکەوێ، کە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە دەکەوێتە نێوان (2.91 –4.04) بە کێشی سەدی لەنێوان (58% - 79%)؛ لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو (3) وە بە کێشی سەدی بەنزیکەی (60%). لە کاتی بەراوردکردندا دەرکەوت کە جگە لە کڕیار بێ ئەوەی داوای کڕینی کاڵا و پێداویستیتر بکات، لە لایەن کۆمپانیا و فرۆشیارانەوە پەیوەندی پێوە دەکرێتەوە، کە بەهای ناوەندی ژمێرەییەکەی بریتییە لە (2.91) بەکێشی سەدی (58%) و بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو وکێشی سەدی سەرجەم بڕگەکانیتر گەورەترن لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی و کێشی سەدی گریمانەکراو. بەپێی ئەنجامەکانی نێو خشتەی خوارەوە، نموونەی توێژینەوەکە لەو کەسانەی لەشاری هەولێرە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ئۆنلاین کرداری فرۆشتن و کڕینی کاڵاو پێداویستییەکانیان ئەنجامداوە، بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی (3.60) و کێشی سەدی (72%) کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هاندان و پەرەپێدانی کولتووری بەکاربەرییەوە.

بە مەبەستی ئەو تاقیکردنەوەی گریمانەیەی توێژینەوە (H1) ی تایبەت بەو تەوەرەش ، کە دەڵێت: **زیادەڕۆییکردن لە هاندان بۆ بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پەرەی بە کولتوری بەرخۆری داوە**، توژەران پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی(ت)ی بۆ یەک نموونە. لەمبارەیەوەش ئەنجامەکان، کە خشتەی (3)دا خراونەتەڕوو و نیشانی دەدەن بەهای (ت) هەژمارکراو (19.40) بە بەهای (Sig=0.001) کە بچووکترە لە ئاستی باوەڕی (0.01) بە نمرەی ئازای (383)، بۆیە جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری هەیە، لەنێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەییدا لە بەرژەوەندی ناوەندی هەژمارکراودا بە بەهای (28.84)، کە گەورەترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (24)؛ بەپێی ئەم ئەنجامەش بێت گریمانەی توێژینەوە (H1)ی سەرەوە دروستە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاد لە پێویست بەکارهێنەرانیان بۆ ئەنجامدانی فرۆشتن و کڕینی کاڵاو پێداویستییەکان بە ئۆنلاین هانداوە؛ بەوهۆیەش پەرەیان بە کولتووری بەکاربەری داوە.

خشتەی (2)

ئەنجامەکان سەبارەت بە زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کەلتوری بەکاربەری دەخاتەڕو.

| زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کەلتوری بەکاربەری | ناوەندی سەنگکراو | کێشی سەدی | ئەنجام و بڕیار |
|---|---|---|---|
| ئەو ڕیکلامەی بۆ کاڵاکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت، مرۆڤ تامەزۆری کڕینیان دەکات هەرچەندە پارەی پێویستی نەبێت | 3.79 | 76% | لەگەڵیدام |
| زۆر کاڵاو پێداویستی هەیە ڕاستەوخۆ کڕیار لەڕوی نایەت لە بازاڕدا بیکرێت، بۆیە بەنامەی شەخسی- لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە داوای دەکات | 3.35 | 67% | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| کڕینی هەر پێداویستییەک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک کڕینیان ڕاستەوخۆ لە بازاڕدا بە چێژ نییە | 3.93 | 79% | لەگەڵیدام |
| ڕێکلامکردن بۆ کاڵاکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هانت دەدەن زیاد لە پێویستی خۆی شت بکڕیت و مەسروفاتت زیاتر بێت | 3.78 | 76% | لەگەڵیدام |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هانی کڕیار دەدەن کاڵاو پێداویستی ناوماڵ ئەگەر عەیبیشی نەبێت، بە مۆدێلێکی نوێتر بیگۆڕن | 3.57 | 71% | لەگەڵیدام |
| ئەو کۆمپانیاو فرۆشیارانەی لەڕێی ئافرەتەوە ڕێکلام بۆ کاڵا و پێدایستییەکان دەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر سەرنجی کڕیار ڕادەکێشن بۆ کڕینی کاڵاکانیان | 4.04 | 81% | لەگەڵیدام |
| کڕیار بێ ئەوەی داوای کڕینی کاڵا و پێداویستی تر بکات، لە لایەن کۆمپانیا و فرۆشیارانەوە پەیوەندی پێوە دەکرێتەوە | 2.91 | 58% | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| هەندێ کاڵا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هێندە باسی سود و باشییەکانی کراوە و هەرچەندە پێویستیشم پێی نەبووە، بەڵام حەزم چووەتێ و کڕیومە | 3.46 | 69% | لەگەڵیدام |
| سەرجەمی تەوەرەکە | 3.60 | %72 | لەگەڵیدام |

خشتەی (3)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەک نموونە دەخاتەڕوو سەبارەت بە زیادەڕۆییکردن لە هاندان و پەرەپێدانی کولتووری بەکاربەری

| تەوەر | ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو | لادانی پێوەری | بەهای (ت)ی هەژمارکراو | بەهایSig | ئەنجامی جیاوازی | قەبارەی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 28.84 | 24 | 4.89 | 19.40 | 0.001* | بەڵگەداری ئاماژە ئامارییە | 0.990 |

پاڵپشت بەو سێ ڕەهەندە سەرەکییەی لە تیۆری پشتبەستن بە ئامرازاەکانی ڕاگەیاندندا باسکراون سەبارەت بە کاریگەرییە مەعریفی و سۆزداری و ڕیفتارییەکان، دەکرێ بڵێین کە ئەنجامەکانی ئەم تەوەرە، بەرئەنجامی بەکارهێنانی کۆمەڵێک تەکنیک و ڕەفتار بێت هەر لە ڕێکلامکردنەوە بگرە تا زیادەڕۆییکردن لە باسکردنی سوودی پێویستی بەکارهێنانی کاڵاکان و بەکارهێنانی ئامرازی سەرنجڕاکێش لەو نێوەندەدا بەتایبەت ڕەگەزی مێ، کە فرۆشیاران لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی خەڵک و کڕیارانی دەکەن بۆ ڕاکێشانی زیاد لە پێویستی کڕیاران و ناچارکردنیان بۆ داواکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکان بە هەر نرخێک بێت؛ بەتایبەت بۆ دەستخستنی ئەو کەرستە و پێداویستییانەی، کە ڕاستەوخۆ دەستخستنیان لە بازاڕدا ئاسان نییە و هەندێک جار بەردەستیش نین؛ هەر بۆیە دەبینین، کە ڕەفتاری بازاڕکردن و کڕین و فرۆشتن گۆڕانی بەسەردا هاتووە؛ مۆدێلخوازی ڕوویەکی زۆر مادی پێی بەخشیوە و وەک جاران ئامادەسازییەکی ئەوتۆی پێویست نییە و ئاسان شتەکان دێنە بەردەست؛ بۆیە ئەم ئەنجامە پێمان دەڵێت، کە بازاڕکردن و بە بازاڕکردن تام چێژی جارانی نەماوە.

**ئاسانکاری و کەمی نرخ و گەڕاندنەوەی کات:**

سەبارەت بە ڕۆڵی بازاڕکرن بە ئۆنلاین لە ئاسانکاری و کەمکردنەوەی نرخ و گەڕاندنەوەی کات بۆ کڕیاران وەک ئاکامێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو بوارەدا، ئەنجامەکانی نێو خشتەی (4) نیشانی دەدەن، کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەبۆ بڕگەکانی ئەم تەوەرە دەکەوێتە نێوان (3.24 –3.98) بە کێشی سەدی لەنێوان (80% - 65%) و زیاترن لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو (4) وە بە کێشی سەدی (60%).

هەر بەپێی ئەنجامەکانی نێو هەمان خشتە، تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە بەهای (3.60) و کێشی سەدی (72%)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بازاڕکردن بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاکام و لێکەوتەی ئەرێنیشی هەن؛ ئەمەش بەوپێیەی نزیکەی سێ بەشیان لەگەڵ ئەوەدان، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەم بوارەدا کارئاسانیان بۆ کردوون و بە نرخ و تێچوو و کاتی کەمتر، دەتوانن کاڵا و پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

بە مەبەستی ئەو تاقیکردنەوەی گریمانەیەی توێژینەوە (H1) ی تایبەت بەو تەوەرەش کە دەڵێت: (**بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاسانکاری بۆ کڕیار دەکات کات و تێچووش بۆ دەگەڕێنتەوە**)، توژەران لێرەشدا تاقیکردنەوەی(ت)ی بۆ یەک نموونەیان بەکارهێناوەو ئەنجامەکان لە خشتەی (5)دا نیشانی دەدەن، کە بەهای (ت) هەژمارکراو (26.97) بە بەهای (Sig=0.001) کە بچووکترە لە ئاستی باوەڕی (0.01) بە نمرەی ئازای (383)، بۆیە جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری هەیە، لەنێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەییدا لە بەرژەوەندی ناوەندی هەژمارکراودا بە بەهای (**25.52**)، کە گەورەترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (21)؛ بەپێی ئەم ئەنجامەش بێت گریمانەی توێژینەوە (H1)ی سەرەوە دروست و قبوڵکراوە.

ئەم ئەنجامەش نزیکە لەئەنجامی توێژینەوەی ( **E S Soegotoو A T Utomo، 2019 و مليكة، 2016، حميدة و عبدالمجيد، 2020) کە ڕایانگەیاندووە**" تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بوارێکی فراوان بۆ ئەوەی وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ پەرەپێدان و فرۆشتنی کاڵاکان و لە ڕێی ڕێکلامەوە ئاسانکاری زۆریان کردووە بۆ کڕیاران و دەتوانن لە هەر شوێنێک بن مامەڵە و داوای دابینکردنی کاڵاکان بکەن "

لێرەدا و پاڵپشت بە تێزی سەرەکی تیۆری (**پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**) دەتوانین بڵێین، کە دیارە شتێکی نوێ نابێت، کە ئەگەر بڵێن کاتێک لە هەر شوێن و هەر کاتێکدا بین، بە ئاسانی لەڕێی ئامێرە زیرەکەکانی پەیوەندی و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین جۆرەها کاڵا و پێداویستی بێتە بەرچاومان و پێیان ئاشان بین؛ لێرەدا قسەی ئێمە لەسەر ئەمە نییە، بەڵکو ڕۆڵی ناوەندگیریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لە بەستنەوەی کڕیار و فرۆشیار بە کاڵاکان و یەکتری و ئەو کارلێک و ڕەفتارانەی ڕەنگە لەو نێوەندەدا بێنە کایەوە. بەتایبەت، لەمەشدا میکانیزم و ئامرازێک، کە یارمەتیدەرێکی سەرەکییە ئەو ڕێکلامەیە، کە لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاڵا و پێداویستییەکان دەکرێت و یارمەتی کڕیار دەدەن لە دۆزینەوەی ئەو شتەی خوازیارە بیکرێت؛ ئەمەش دوای ئاشنابوون و وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەی کوالێتی و نرخ و سود و بەکارهێنانی کاڵاکان.

خشتەی (4)

ئەنجامەکان سەبارەت بە ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو و نرخ و گەڕاندنەوەی کات بۆ کڕیاران دەخاتەڕوو.

| ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو و نرخ و گەڕاندنەوەی کات بۆ کڕیاران | ناوەندی سەنگکراو | کێشی سەدی | ئەنجام و بڕیار |
|---|---|---|---|
| دابینکردنی کاڵاو پێداویستییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کات بۆ کڕیار دەگەڕێنێتەوە | 3.85 | %77 | لەگەڵیدام |
| ڕێکلامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاڵا و پێداویستییەکان، یارمەتی کڕیار دەدەن لە دۆزینەوەی ئەو شتەی خوازیارە بیکرێت | 3.90 | %78 | لەگەڵیدام |
| کۆمپانیاو فرۆشیاران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هێندە زانیاری لەبارەی کوالێتی و نرخ و سود و بەکارهێنانی کاڵاکان بڵاودەکەنەوە هانت دەدەن زوو بیان کڕیت | 3.71 | %74 | لەگەڵیدام |
| ئەو پێداویستییەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیکریت، کرێی هاتوچۆی کەمترە و هەرزانتر لەسەرت دەکەوێت لەوەی، کە خۆت بچی لەبازاڕەکاندا بیکڕیت | 3.37 | %67 | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| ئەو کاڵایانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیانکڕیت نرخیان گرانترە لە نرخی هەمان کاڵا ئەگەر لە بازاڕ ڕاستەوخۆ بیکرێت | 3.48 | %70 | لەگەڵیدام |
| لە بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بواری مامەڵەکردن لەسەر نرخ نییەو ئەگەری فێڵکردن لە کڕیار زۆرە | 3.98 | %80 | لەگەڵیدام |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

| | | | |
|---|---|---|---|
| کڕینی کاڵاو پێداویستی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆشترە لەوەی بچی بەدوایاندا بگەڕێی و خۆت ماندوو بکەیت | 3.24 | %65 | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| سەرجەمی تەوەر | 3.647 | %73 | لەگەڵیدام |

خشتەی (5)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەک نموونە دەخاتەڕوو سەبارەت بە ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو و نرخ و گەڕاندنەوەی کات لەکاتی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە

| تەوەر | ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو | لادانی پێوەری | بەهای (ت)ی هەژمارکراو | بەهای Sig | ئەنجامی جیاوازی | قەبارەی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووەم | 25.52 | 21 | 3.28 | 26.97 | 0.001* | بەڵگەداری ئاماژە ئامارییە | 1.37 |

**ترسان لە لەخشتەبردن و نادڵنیایی کڕیاران  لە کوالێتی کاڵاکان:**

سەبارەت بە ترسی کڕیاران لە لەخشتەبردن و نادڵنیاییان لە کوالێتی کاڵاکان وەک ئاکامێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕکردن بە ئۆنلاین، ئەنجامەکانی نێو خشتەی (6) نیشانی دەدەن، کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی تەوەری سێیەم دەکەوێتە نێوان (4.04– 3.16) بە کێشی سەدی لەنێوان (81% - 63%) و زیاترن لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو (3) وە بە کێشی سەدی (60%). هەر بەپێی ئەنجامەکانی نێو هەمان خشتە، تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە بەهای (3.79) و کێشی سەدی (76%)، زیاتر لە سێ بەشی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان، کە سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بازاڕکردندا بە ئۆنلاین، بەڵام کڕیاران دەشترسن لەی لە خشتە بەرین و کوالێتی ئەو کاڵایانە جۆرێکیتر بێت لەوەی چاوەڕوانیان دەکرد دوای بەدەست گەیشتنیان.

کە دەڵێت: (**ئەو کەسانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاڵا و پێداویستییەکان دەکڕن، لە کوالێتیان دڵنیا نین و دەترسێن لەخشتەببرێن**) توژەران تاقیکردنەوەی(ت)ی بۆ یەک نموونەیان بەکارهێناوەو ئەنجامەکان لە خشتەی (7)دا نیشانی دەدەن، کە بەهای (ت) هەژمارکراو (24.15) بە بەهای (Sig=0.001) کە بچووکترە لە ئاستی باوەڕی (0.01) بە نمرەی ئازای (383)، بۆیە جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری هەیە، لەنێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەییدا لە بەرژەوەندی ناوەندی هەژمارکراودا بە بەهای (26.53)، کە گەورەترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (21)؛ بەپێی ئەم ئەنجامەش بێت گریمانەی توێژینەوە (H1)ی سەرەوە دروست  و قبوڵکراوە.

پاڵپشت بەوەی لەبارەی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی مەعریفی و سۆز و ڕەفتارییەوە لەچوارچێوەی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن باسکراوە دەتوانین بڵێین، کە بینینی کاڵا و پێداویستییەکان لە دوورەوە و بێ هەبوونی ئەزموونێکی پێشوەختە لەڕووی بەکارهێنانەوە لەلایەک؛ ڕیکلامکردن بە چەندەها شێوەی جیاواز لە یەکتری و جیاوازی نرخ و تایبەتمەندیی کاڵاکان لە لایەکیترەوە، چۆن کڕیار ناخەنە دۆخی نادڵنیایی و ترسان لەوەی فێڵی لێ بکرێت لە کاتێکدا کڕیار دەکەوێتە بارێکەوە، کە نازانێ ئەو شتەی داوای کردووە دەبێ هەمان ئەو شتە بێت، کە بەدەستی دەگات؛ ئەگەر هەمان ئەو شتە نەبێت، چی بکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ لایەنی فرۆشیاردا بکات. لە ماوەی ڕابردوودا هەروەک لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دەنگی دایەوە، کە چەندین کەس دووچاری هەستیاری و ڕووتانەوەی قژ بوون بەهۆی خراپی کوالێتی شامپۆی بۆیەکردن و قژ ڕوانەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

خشتەی (6)

ئەنجامەکان سەبارەت بە ترسان لە لەخشتەبردن و نادڵنیایی کڕیاران  لە کوالێتی کاڵاکان دەخاتەڕوو.

| ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو و نرخ و گەڕاندنەوەی کات بۆ کڕیاران | ناوەندی سەنگکراو | کێشی سەدی | ئەنجام و بڕیار |
|---|---|---|---|
| هەر پێداویستییەک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیکڕم کوالێتییەکەی بەوجۆرە نییە، کە ڕیکلامی بۆ دەکرێ و دوودڵم هەتا ئەو کاتەی دەگاتە دەستم | 3.95 | %79 | لەگەڵیدام |
| زۆر وریا نەبیت لە کڕینی کاڵا و پێداویستی لەڕێێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تێدەکەویت و فێڵت لێدەکرێت | 4.04 | %81 | لەگەڵیدام |
| مرۆڤ ئەگەر ناچار نەبێت، لەڕێی  تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هیچ کردارێکی کڕین و فرۆشتن ئەنجام نادات | 3.16 | %63 | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| ڕیکلامکردن بۆ چەندین جۆری جیاوازی هەمان کاڵا بە نرخی جیاواز، کڕیار تووشی دڵەڕاوکێی بڕیاردان دەکا | 4.04 | %81 | لەگەڵیدام |
| کە داوای کڕینی پێداویستییەک دەکەیت لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەردەوام مەزندەی توشبوون بە کێشە دەکەیت نەوەکا ئەو شتەی داوات کردووە هەمان شت یا بەدڵت نەبێت | 3.89 | %78 | لەگەڵیدام |
| بەشێک لەوانەی لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاڵا و پێداویستی دەفرۆشن، بەو بەڵێنانە پابەند نابن، کە بە کڕیارانی دەدەن | 3.63 | %73 | لەگەڵیدام |
| ئەو کاڵاو پێداویستییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە باش ڕیکلامیان بۆ دەکرێت، زۆربەیان تەقلیدن و زەمانەتیان کورتخایەنە | 3.83 | %77 | لەگەڵیدام |
| سەرجەمی تەوەر | 3.647 | %73 | لەگەڵیدام |

خشتەی (7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەک نموونە دەخاتەڕوو سەبارەت بە ترسان لە لەخشتەبردن و نادڵنیایی کڕیاران  لە کوالێتی کاڵاکان لەکاتی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

کۆمەڵایەتییەکانەوە

| تەوەر | هەژمارکراو | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو | لادانی پێوەری | بەهای (ت)ی هەژمارکراو | بەهای Sig | ئەنجامی جیاوازی | قەبارەی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سێیەم | 26.53 | 21 | 4.48 | 24.15 | 0.001* | بەڵگەداری ئاماژە ئامارییە | 1.23 |

### . تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا:

سەبارەت بە ڕۆڵی بازاڕکرن بە ئۆنلاین لە تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا وەک ئاکامێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو بوارەدا، ئەنجامەکانی نێو خشتەی (8) نیشانی دەدەن، کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەبۆ بڕگەکانی ئەم تەوەرە دەکەوێتە نێوان (3.12– 4.04) بە کێشی سەدی لەنێوان (62% - 81%) و زیاترن لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو (3) وە بە کێشی سەدی (60%). هەر بەپێی ئەنجامەکانی نێو هەمان خشتە، تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە بەهای (3.63) و کێشی سەدی (73%)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ی بازاڕکردن بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاکامی نەرێنی بەسەر خێزان و کۆمەڵگاوە هەیە و شیرازەیان تێک دەدات.

بە مەبەستی تاقیکردنەوەی ئەو گریمانەیەی توێژینەوە (H1) ی تایبەت بەو تەوەرەش کە دەڵێت: (**بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگای تێکداوە**) توژەران تاقیکردنەوەی(ت)ی بۆ یەک نموونەیان بەکارهێناوەو بەپێی ئەنجامەکان لە خشتەی (9)دا بەهای (ت) هەژمارکراو (21.05) بە بەهای (Sig=0.001) کە بچووکترە لە ئاستی باوەڕی (0.01) بە نمرەی ئازای (383)، بۆیە جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری هەیە، لەنێوان هەردوو ناوەندی ژمێرەییدا لە بەرژەوەندی ناوەندی هەژمارکراودایە بە بەهای (**25.46**)، کە گەورەترە لە بەهای ناوەندی گریمانەکراو بە بەهای (21)؛ بەپێی ئەم ئەنجامەش بێت گریمانەی توێژینەوە (H1)ی سەرەوە دروست و قبوڵکراوە.

بە سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانین بڵێن، کە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەبازاڕکردن و بازاڕکردنی بە ئۆنلاین، لەڕووی مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتارییەوە کاریگەری بەسەر کڕیارانەوە هەبووە، بەڵام زیاتر بە دیوی نەرێنیدا، کە دەشێ کڕیاران ئاراستە بکەن؛ بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی نەریتین و هێشتا وابەستەییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان پتەو و بەهێزن، دەشێ هاووڵاتیان نیگەران بن لەوەی کە زانیاریی لەبارەی شوێن و پەیوەندی پێوەکردنیانەوە بدەن بە کەسانی بێگانە و ئەوانەی لە نزیکەوە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆیان لەگەڵیاندا نییە؛ جا کڕیار بێت یا فرۆشیار و لە هەر ڕگەزێک بن نێر یا مێ؛ ئەگەر کڕیار لە ڕەگەزی مێ بێت ڕەنگە لەلایەن هاوسەرەکەی یا کەسوکارییەوە مەزندەی هەڵخەڵەتاندن و دزەپێکردنی زانیاریی و ناونیشانی بکرێت لەلایەن فرۆشیارەوە، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە؛ هەر بۆیەشە،کە زۆربەی پیاوان حەز ناکەن هاوسەر یا دایک و کچ و خوشکیان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بازاڕ بکەن و داوای دابینکردنی و بەدەست گەیشتنی هیچ شتێک بکەن. لە لایەکیترەوە ڕەنگە ئەو ڕێکلام و نمایشەی سەنتەرەکانی جوانکاری لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیکەن و هانی خانمان دەدەن بۆ ئەنجامدانی جوانکاری جەستە، ببێتە مایەی سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان ئەندامانی خێزان و هاوسەراندا؛ بەتایبەت ئەگەر پیاوەکە بە سروشت حەزی لە جوانکاری نەبێت؛ یا کەسێکی باوەڕدار بێت و بە حەرامی بزانێت؛ یا لەڕووی مادییەوە بارگرانی بێت و پێداویستی لەپێشینەتریان هەبێت. ئەمە و جگە لە هەڵسەنگاندن و تانەوتەشەری خەڵک سەیرکردنیان بە چاوێکیتر؛ بەتایبەت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پانتاییەک بۆ دەرکەوتنی هەندێک پیشە و کەسایەتی تاڕادەیەک نامۆ بە کولتوور و دابونەریتی خەڵکی شاری هەولێر بەناوی کچە مۆدێل و یوتوبەر و تیکتۆکچی و ...تاد.

لەلایەکیترەوە دابینکردنی پێداویستییەکان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ لێکەوتەی نەرێنی بەسەر پەیوەندی و شێوازی مامەڵە و پەروەردەکردنەوە هەبێت لەناو خێزاندا. جاری وا هەبووە منداڵ بەبێ ئاگاداری دایک و باوک و ئەندامانی خێزانەکەی داوای شتی کردووە و خێزانەکەی خستۆتە هەڵوێستێکی نالەبارەوە بەجۆرێک، کە دەیانخاتە هەڵوێستێکی ناچاری بۆ داواکردنی خواردن یا دابینکردنی پیداویستییەکانی بەتایبەت یاریکردن؛ ڕاهاتنی منداڵ لەسەر ئەم مامەڵە و ڕەفتارانە، ئاکامەکانی نەرینی دەبن و رەنگە سەر بۆ ڕاهاتن لەسەر ڕەفتاریتری نائاسایی دیکەش بکێشێت.

خشتەی (8)

ئەنجامەکان سەبارەت بە ترسان لە لەخشتەبردن و نادڵنیایی کڕیاران لە کوالێتی کاڵاکان دەخاتەڕوو.

| ئاسانکاری و کەمکردنەوەی تێچوو و نرخ و گەڕاندنەوەی کات بۆ کڕیاران | ناوەندی سەنگکراو | کێشی سەدی | ئەنجام و بڕیار |
|---|---|---|---|
| لە کاتی کڕینی هەر کاڵاو پێداویستییەک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زیاد لە پێویست داوای زانیاری شەخسی- و ژمارەی مۆبایل و شوین/لۆکەیشن لە کڕیار دەکرێت | 3.12 | %62 | لەگەڵیدام و لەگەڵیدانیم |
| پیاو حەز ناکەن هاوسەر یا دایک و کچ و خوشکیان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هیچ شتێک بکڕن | 3.46 | %69 | لەگەڵیدام |
| سەنتەرەکانی جوانکاری لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەرەیان بە خواستی ئەنجامدانی جوانکاری جەستە لای خانمان داوە | 4.04 | %81 | لەگەڵیدام |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پانتاییەک بۆدەرکەوتنی هەلی کار و هەندێک پیشەی نوێ و نامۆ | 4.04 | %81 | لەگەڵیدام |
| بیستومە کە خەڵکێک بەهۆی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، توشی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە | 3.46 | %69 | لەگەڵیدام |
| کاڵا و پێداویستیی قەدەغە و نایاسایی، لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ئاسانی دەست دەکەون | 3.64 | %73 | لەگەڵیدام |
| بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر داهات و پاشەکەوتی خێزان هەیە | 3.69 | %74 | لەگەڵیدام |
| سەرجەمی تەوەر | 3.637 | %73 | لەگەڵیدام |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

خشتەی (9)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەک نموونە دەخاتەڕوو سەبارەت ڕۆڵی بازاڕکردن بە ئۆنلاین لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا

| تەوەر | ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراو | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەکراو | لادانی پێوەری | بەهای (ت)ی هەژمارکراو | بەهای Sig | ئەنجامی جیاوازی | قەبارەی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چوارەم | 25.46 | 21 | 4.15 | 21.05 | 0.001* | بەڵگەداری ئاماژە ئامارییە | 1.07 |

**جیاوازی ئاکامەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:**

بەمەبەستی ئاشنابوون بە جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بەبازاڕکردن و بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ڕەگەز، توێژەران پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماری (T. test) بۆ دوو نموونەی قەبارە جیاواز و، ئەنجامەکانیش لە خشتەی (10)دا نیشانی دەدەن، کە بەهای (ت)ی تەوەری یەکەم بە بەهای (5.66) و تەوەری سێیەم (4.95) و تەوەری چوارەم (4.80)، کە بەهای (Sig = 0.001)یان بچوکترە، ئاماژە ئامارین لە ئاستی باوەڕی (0.01) بە نمرەی ئازادی 382؛ بەو واتایەش لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی نموونەی توێژینەوەکەدا جیاوازی هەیە لە ئاکامە

**3. 2. 3. جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی پیشە، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان:-**

بۆ ئاشنابوون بە جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی بەپێی تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان، توێژەران پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماری (One Way Anova)یان بەکارهێناوە.

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (11)، تەنها بەهای جیاوازی بەدەستهاتووی گۆڕاوی پیشە بۆ تەوەری یەکەم بەبەهای (3.185) و تەوەری چوارەم بە بەهای (2.956)گەیشتۆتە ئاستێکی ئاماژە ئاماریی؛ ئەمەش بەوپێیەی بەهای (Sig=0.001)ی تەوەری یەکەم و بەهای (Sig=0.002)ی تەوەری دووەم

بچووکترن لە ئاستی بەڵگەداری (0.01)؛ لە تەوەری یەکەمدا فەرمانبەران جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییان لەگەڵ هەر یەکە لە قوتابیان و مامۆستا و کرێکار/کاسبکاران هەیە؛ بەوپێیەی بەهای ناوەندی ژمێرەییان( 2.34 )تا( 4.49) نمرە زیاترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی فەرمانبەران وئەوان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هاندانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕکرن و زیادەڕۆییان کردووە لە کڕینی کاڵاکان.

لە تەوەری دووەمدا کابانانی ماڵ جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییان لەگەڵ هەریەکە لە کرێکار/ کاسب و ئەوانەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و سکیورتین هەیە؛ ئەمەش بەوپێیەی بەهای ناوەندی ژمێرەییان (5.87) تا (6.56) کەمترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی ئەوان. بەو واتایەش لە دیدی کرێکار و کاسب و ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە؛ جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێرە بە ئاستێکی مام ناوەند، بەوپێیەی بەها ی ناوەندی ژمێرەییان زیاترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ. تەنها ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ تەوەی دووەم بە بەهای (0.873)بە بەهای (Sig = 0.380) نیشانی دەدات، کە جیاوازییەکە لەنێوان نێر و مێدا ئاماژە ئاماری نییە، لەبەر ئەوەی بەهاکەی گەورەترە لە ئاستی باوەڕی (0.05).

کەواتە گریمانەی توێژینەوە (H1) دروستە، کە دەڵێت: **جیاوازییەکی ئاماژە ئاماریی هەیە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ڕەگەز**.

خشتەی ( 10)

جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ڕەگەز دەخاتەڕوو.

| تەوەر | ناوەندی ژمێرەیی نێر | ناوەندی ژمێرەیی مێ | لادانی پێوەری نێر | لادانی پێوەری مێ | بەهای (ت)ی هەژمارکراو | بەهای Sig | ئەنجامی جیاوازی | قەبارەی جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 30.07 | 27.29 | 5.16 | 4.28 | 5.66 | 0.001* | ئاماژە ئامارییە | 0.593 |
| دووەم | 25.65 | 25.36 | 3.18 | 3.38 | 0.873 | 0.380 | نائاماژە ئامارییە | - |
| سێیەم | 27.52 | 25.30 | 4.63 | 4.13 | 4.95 | 0.001* | ئاماژە ئامارین | 0.509 |
| چوارەم | 26.34 | 24.35 | 4.30 | 3.81 | 4.80 | 0.001* | | 0.403 |

**جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی پیشە، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان:-**

بۆ ئاشنابوون بە جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی بەپێی تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان، توێژەران پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماری (One Way Anova)یان بەکارهێناوە.

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی (11)، تەنها بەهای جیاوازی بەدەستهاتووی گۆڕاوی پیشە بۆ تەوەری یەکەم بەبەهای (3.185) و تەوەری چوارەم بە بەهای (2.956)گەیشتۆتە ئاستێکی ئاماژە ئاماریی؛ ئەمەش بەوپێیەی بەهای (Sig=0.001)ی تەوەری یەکەم و بەهای (Sig=0.002)ی تەوەری دووەم

بچووکترن لە ئاستی بەڵگەداری (0.01)؛ لە تەوەری یەکەمدا فەرمانبەران جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییان لەگەڵ هەر یەکە لە قوتابیان و مامۆستا و کرێکار/کاسبکاران هەیە؛ بەوپێیەی بەهای ناوەندی ژمێرەییان( 2.34 )تا( 4.49) نمرە زیاترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی فەرمانبەران وئەوان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هاندانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕکرن و زیادەڕۆییان کردووە لە کڕینی کاڵاکان.

لە تەوەری دووەمدا کابانانی ماڵ جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییان لەگەڵ هەریەکە لە کرێکار/ کاسب و ئەوانەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و سکیورتین هەیە؛ ئەمەش بەوپێیەی بەهای ناوەندی ژمێرەییان (5.87) تا (6.56) کەمترە لە بەهای ناوەندی ژمێرەیی ئەوان. بەو واتایەش لە دیدی کرێکار و کاسب و ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس و سکیوریتییەکانەوە بەراورد بەوانەی کابانی ماڵن، بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

زیاتر دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا. بەپێی ئەم ئەنجامانەش ئەو گریمانەیەی توێژینەوەی پێنجەم پەسندە، دەڵێت: **جیاوازییەکی ئاماژە ئامارپی هەیە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی پیشە.**

هەر بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی سەرەوە و بەوپێیەی بەهای جیاوازی بەدەستهاتووی گۆڕاوەکانی تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان، کە دەکەوێتە نێوان (0.517 – 2.460) بە ئاستی بەڵگەداری نێوان (0.06 – 0.723)، ئاماژە ئاماری نین؛ ئەمەش بەوپێیەی، کە ئاستی بەڵگەداری ئەو سەرجەمیان گەورەترن لە ئاستی باوەڕی (0.05) بۆیە هیچ کام لە گۆڕاوەکان بەو ئەندازەیە کاریگەر نین تا ببنە مایەی دروستکردنی جیاوازییەکی ئەوتۆ. بەپێی ئەو ئەنجامانەش لە گریمانەکانی توێژینەوە (H1)ی پەیوەست بە جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی تەمەن، ئاستی خوێندەواری و باری ئابووری خێزان، ئەم گریمانە(H0)یانەی خوارەوە پەسندن و وەردەگرین:

- **جیاوازییەکی ئاماژە ئامارپی نییە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی تەمەن.**
- **جیاوازییەکی ئاماژە ئامارپی نییە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی ئاستی خوێندەواری.**
- **جیاوازییەکی ئاماژە ئامارپی نییە لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی باری ئابووری خێزان.**

خشتەی (11) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ جیاوازی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی گۆڕاوەکانی پیشە و تەمەن و ئاستی خوێندەواری و باری ئابووری خێزان دەخاتەڕوو:

| تەوەر | گۆڕاو | پیشە | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | قوتابی | بێ کار | کابانی ماڵ | مامۆستا | کرێکار/ کاسب | فەرمانبەر | پێشمەرگە/ ئاسایش/ پۆلیس/سکیورتی | پارێزەر/ پزیشک/ ئەندازیار | کاری ئازاد | دیکە |
| یەکەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 29.92 | 28.4 | 26.30 | 29.29 | 31.44 | 26.95 | 30.06 | 29.81 | 28.56 | 27.50 |
| | فرە بەراوردکردنی نێوان چینەکان | -2.97 * | -1.45 | 0.65 | -2.34* | -4.49* | - | -3.11 | -2.86 | -1.61 | -0.55 |
| | بەهای جیاوازی | F= 3.185, Sig = 0.001** | | | | | | | | | |
| دووەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 26.03 | 25.07 | 25.80 | 25.40 | 25.25 | 25.82 | 25.91 | 25.06 | 24.78 | 24.28 |
| | بەهای جیاوازی | F= 0.755, Sig = 0.658 | | | | | | | | | |
| سێیەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 26.02 | 25.27 | 25.10 | 26.99 | 28.63 | 25.96 | 28.47 | 27.25 | 24.67 | 25.83 |
| | بەهای جیاوازی | F= 2.109, Sig = 0.06 | | | | | | | | | |
| چوارەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 25.44 | 24.73 | 21.50 | 25.60 | 28.06 | 25.08 | 27.38 | 25.44 | 24.11 | 24.72 |
| | فرە بەراوردکردنی نێوان چینەکان | -3.94 | -3.23 | - | -4.10 | -6.56* | -3.57 | -5.87* | -3.93 | -2.61 | -3.22 |
| | بەهای جیاوازی | F= 2.956, Sig = 0.002* | | | | | | | | | |

| تەوەر | گۆڕاو | ئاستی خوێندەواری | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی و بەرەو خوار | ناوەندی و بەرەو خوار | ناوەندی و بەرەو خوار | ناوەندی و بەرەو خوار | ناوەندی و بەرەو خوار |
| یەکەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 31.55 | 28.61 | 30.54 | 28.51 | 29.06 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.866, Sig = 0.166 | | | | |
| دووەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 26.45 | 26.85 | 25.64 | 25.58 | 24.98 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.342, Sig = 0.254 | | | | |
| سێیەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 26.36 | 24.38 | 27.55 | 26.51 | 26.69 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای جیاوازی | F= 1.055, Sig = 0.379 | | | | |
| چوارەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 26.18 | 24.23 | 26.55 | 25.40 | 25.44 |
| | بەهای جیاوازی | F= 0.754, Sig = 0.556 | | | | |

| تەوەر / گۆڕاو | | تەمەن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 27-18 | 37 - 28 | 47- 38 | 57- 48 | 67- 58 |
| یەکەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 29.22 | 28.63 | 29.04 | 26.25 | 30.67 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.618, Sig = 0.169 | | | | |
| دووەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 25.81 | 25.30 | 25.66 | 25.19 | 24.83 |
| | بەهای جیاوازی | F= 0.517, Sig = 0.723 | | | | |
| سێیەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 25.88 | 26.85 | 26.78 | 25.19 | 29.17 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.694, Sig = 0.151 | | | | |
| چوارەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 25 | 25.49 | 25.89 | 24.50 | 27.67 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.249, Sig = 0.290 | | | | |

| تەوەر / گۆڕاو | | باری ئابووری خێزان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر خراپ | زۆر خراپ | زۆر خراپ | زۆر خراپ | زۆر خراپ |
| یەکەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 33.75 | 30.38 | 29.03 | 28.13 | 28.00 |
| | بەهای جیاوازی | F= 2.210, Sig = 0.067 | | | | |
| دووەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 28.75 | 25.19 | 25.34 | 25.88 | 25.09 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.572, Sig = 0.181 | | | | |
| سێیەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 30.50 | 28.25 | 26.53 | 26.35 | 24.55 |
| | بەهای جیاوازی | F= 1.974, Sig = 0.098 | | | | |
| چوارەم | بەهای ناوەندی ژمێرەیی | 29.25 | 27.06 | 25.65 | 24.75 | 25.09 |
| | بەهای جیاوازی | F= 2.460, Sig = 0.06 | | | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

**پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی 0.01 دا. *پەیوەستییەکە ئاماژە ئامارییە لە ئاستی باوەڕی 0.05 دا.

## 4. دەرئەنجام و پێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

### 4. 1 دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی کاریگەرن لە گەشەی بازرگانی و گێڕانەوەی کات و تێچووی تاکەکان و ئاسانکاریکردن لە کڕین و فرۆشتنی کاڵا و پێداویستییەکانی ژیان، هەروەها سەکۆیەکن بۆ ڕیکلام و وەرگرتنی زانیاری و ساغکردنەوەی کاڵاکان و ڕەخساندنی هەلی کار.

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەخراپ بەکاردێن بۆ فێڵ لێکردن و ساختەکاری و فریودانی هاوڵاتیان، ئەمەش جۆرێک لەدڵڕاوکێ و بێمتانەیی لای کڕیار دروستکردووە، هەروەها ئامرازێکن بۆ بازرگانیکردن بەجەستە و کاڵاو دەرمانی قەدەغەکراو، کە زیان بە تەندروستی و کولتووری کۆمەڵگا دەگەیەنێت و هۆکارێکە بۆ گرفتە خێزانییەکان.

- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بازاڕکردن و بەبازاڕکردن زیاتر لەلایەن پیاوانەوەیە هۆکارەکەی ئەوەیە، چونکە بەشێک لە ژنانیش لەڕێی پیاوانەوە بەئۆنلاین داوای کاڵاو پێداویستییەکان دەکەن؛ ئەمەش لە ترسی ئەگەری بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێک بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە.

- زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (31%) تۆرەکان بۆ دابینکردنی کاڵاو پێداویستی ڕازاندنەوە و ئارایش و بۆن و جلوبەرگ و پێڵاو بەکاردەهێنن؛ هەریەکە لە خواردن و خوردنەوە و سەیارە و کەلوپەل و پێداویستییەکانی (7%)، کتێب و پەڕاوگە (6%)، هەریەکە لە ئامێرە کارەباییەکان و مۆبیلیاتی ناوماڵ و کۆمپیوتەر و بەرنامە و پێداویستییەکانی یاریکردن (4%)، پێداویستییەکانی ناوماڵ و چێشتخانە (3%)، کەلوپەلی کارکردن (2%)، کەواتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بۆ ئەم کاڵایانەی سەرەوە بۆ بەبازاڕکردن بەکارهاتوون.

- جیاوازییەکی ئاماژە ئاماری هەیە، لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی گۆڕاوی پیشە. بەڵام هیچ کام لە گۆڕاوەکانی تری توێژینەوەکە (تەمەن، ئاستی خوێندەواری، باری ئابووری خێزان) بەو ئەندازەیە کاریگەرنین تا ببنە مایەی دروستکردنی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بازاڕکردن لەڕێی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەفتاری بازاڕکردن و کڕین و فرۆشتن گۆڕیوە؛ مۆدێلخوازی ڕوویەکی زۆر مادی پێی بەخشیوە و وەک جاران ئامادەسازییەکی ئەوتۆی پێویست نییە و ئاسان شتەکان دێنە بەردەست؛ بۆیە ئەم ئەنجامە پێمان دەڵێت، کە بە بازاڕکردن تام چێژی جارانی نەماوە.

- زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (31%) ئینستاگرام وەک تۆرێکی کۆمەڵایەتی بۆ بازاڕکردن بەکاردەهێنن؛ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیتر بۆ هەمان مەبەست بەم جۆرەیە: فەیسبووک بەرێژەی (26%)، زۆربەی تۆرەکان (13%)، ماسنجەر (7%)، وەتسئەپ (6%)، فەیسبووک و ئینستاگرام پێکەوە (5%)، هەریەکە لە تیکتۆک و ڤایبەر و سناپچات و جگە لەو تۆڕانەی ناویان هاتووە (3%).

### 4. 2 پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

- ئەنجامدای توێژینەوەی ورد و زانستی لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو دڵەڕاوکێ و بێ متانەییەی لای کڕیار دروست دەبێت، دوای کڕینی کاڵاو پێداویستییەکان لەرێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەبارەی ڕۆڵ و کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و گەشتوگوزاری.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ کاریگەری خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری کڕین و فرۆشتنەوە لەسەر زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگا.

### 4. 3 ڕاسپاردەکان

- گرنگە میری یاسا و ڕێنمایی تایبەت دابڕێژێت، بۆ ئەوەی هەر شوێن ولایەنێکی فرۆشیار، کە خاوەنی ماڵپەر و پلاتفۆرمە جاوروجۆرەکان بە فەرمی لە دامەزراوەی حکومی پەیوەندیدار تۆمار بکرێت، بۆ ئەوەی مافی کڕیار و فرۆشیار پارێزراو بێت.
- گرنگە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکار و میکانیزمی نوێ دابرێژێت، بۆ دانانی فلتەر و جۆرێک لە سانسۆر لەسەر ئەو ماڵپەر و پلاتفۆرمە جاوروجۆرانەی، کە بەکارهێنەری زۆری هەیە تاوەکو بخرێتە ژێر چاودێری لە حاڵەتی زیانگەیاندن بە سامانی هاووڵاتیان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئادابی گشتی.
- دارشتنی پلان و ئەنجامدانی بەرنامە و کۆنفراسی تایبەت بۆ بەخشینی هۆشیاری و مەعریفەی تەکنۆلۆجی بە هاولاتیان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە، لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بەبازاڕکردن و بازرگانیکردن.

## سەرچاوەکان


ڕەمەزان، عمر احمد و حەمەامین، ئەنجومەن حسێن 2023. ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بازارگەریی بۆ یەکلاکردنەوەی کڕینی خانوبەرە. گۆڤاری گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی 9، ژمارە 3، لا 89-102.

سەربەست، پەیام 2024. ماڵپەری ڕووداو، بەدواداچوونی ڕووداو؛ دەرمانی قاچاخ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەفرۆشرێت و پزیشک بۆ نەخۆشی دەنووسێت،سەرچاوەی ئەلیکترۆنی لە https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040520244.12/7/2024 مێژووی

شوانی، هێمن ئەمین2021 . ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی. هەولێر :ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی( ی.ن.ک.).

کاوانی، دلشاد 2022. سۆشیال میدیا رۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی، لەسەر ڕەوتی ژیانکرن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا, سەرچاوەی ئەلیکترۆنی لە مێژووی 8/7/ 2024 https://dengekan.info/archives/23445

محەمەد، مراد حکیم ٢٠٠٤. ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، سلێمانی. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

نصرالدین، هەرمن شێرکۆ و حمید، حکیم عثمان (2024) پەیوەندییە کارلێککارەکانی نێوان سۆشیال میدیا و بەکاربەران. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی 9 ژمارە 1، لا 304-318.

ئیبراهیم، عەبدولخالق، 2014. میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا. هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

ئیروانی، فەرید 2020. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەتکێتی بەکارهێنانیان. هەولێر: چاپخانەی مێخەک.

أبو فارة، يوسف احمد، 2004. التسويق الالكتروني : عناصر المزيج التسويقي عبر الانترنت. عمان : ط 1، دار وائل للنشر و التوزيع.

احمد، مروة كامل مصطفى 2002. الصعوبات التى تواجه التجارة الالكترونية العربية من وجهة نظر اصحاب المتاجر الالكترونية العربية. مجلة جامعة الملك سعود، رياض: المجلد 14، العدد 2، ص ص 60-90.

الحاج، كمال 2020. نظريات الإعلام و الاتصال. سوريا: الجامعة الافتراضية السورية .

الحجار، وسيم شفيق 2017. النظام القانوني لوسائل التواصل الاجتماعي( واتس أب، فيسبوك، تويتر). بيروت – لبنان :المركز العربي للبحوث القانونية والقضائية.

حدادي، وليدة و محري، شفيقة 2022. مواقع التواصل الاجتماعي-تعزيز المشاركة السياسية عبر المجتمعات الشبكية. الاردن: عالم الكتب الحديث.

حميدة، بن يحي و عبدالمجيد، اونيس 2020. دور مواقع التواصل الإجتماعي في التأثير على القرار الشرائي للمستهلك عبر الأنترنت- دراسة عينة من المستهلكين الجزائريين عبر مواقع التواصل الإجتماعي. مجلة الاصلاحات الاقتصادية والاندماج في الاقتصاد العالمي، المجلد 14،العدد 1، ص 1-14.

الديهي، محي الدين اسماعيل محمد 2015. تاثير الشبكات التواصل الاجتماعي الاعلامية على جمهور المتلقي. اسكندرية: مكتبة الوفاء القانونية.

زايد، محمد متولي محمد 2019. التجارة الإلكترونية و التسويق الإلكتروني. الإسكندرية: مؤسسة رؤية للطباعة والنشر والتوزيع.

سرجيوس، انطوان اسكندر 2021. تأثير أنشطة التسويق عبر مواقع التواصل الاجتماعي على الكلمة المنطوقة إلكترونيا: الدور الوسيط للوعي بالعلامه و الصورة الذهنية للعلامة. المجلة العلمية للاقتصاد و التجارة، المجلد 51،العدد 2.

سرحان، عبدالكريم و فخرالدين، عائدة 2021 . مدخل إلى العلاقات العامة و الاتصال. الاردن :دار الشامل للنشر و التوزيع.

عسيري، محمد بن حسن فتح الدين 2020 . شبكات التواصل الاجتماعي و أثرها على القيم لدى طلبة الجامعات.دراسات عربية في التربية و علم النفس ( ASEP ) العدد.128 .

عيشوش، عبدو، هجيرة،حلاسى عبدالكريم، جديد، 2021. محفزات و عوائق التسوق عبر الانترنيت عند المستهلك الجزائرى، مجلة العلوم الاقتصادية و التسيير و لاعلوم التجارية، المجلد 14، العدد 1، ص ص 221 – 235.

قاسم، أحمد و جداى، سليم2019 . تاثير المواقع التواصل الاجتماعي على الامن المجتمعي للدول الخليجية .المانيا :المركز الديموقراطي العربي.

كريمة، دراجي 2019 . تأثير مواقع التواصل الإجتماعي على القيم الإجتماعية الطالبات المقيمات بالأحياء الجامعية. رسالة ماجستر غيرمنشورة مقدمة الى كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماع،( جامعة 8 ماي 1945) - الجمهورية الجزائرية.

كزعي، حنان و مريم بوشقايف2018 . فعالية مواقع التواصل الاجتماعي في الإشهار للعمل الخيري. دراسة ميدانية على عينة من أعضاء جمعية الإصلاح و الإرشاد –المكتب البلدي جيجل- جامعة محمد الصديق بن يحيى– جيجل- ،كلية العلوم الاجتماعية و الإنسانية، قسم :علوم الإعلام والاتصال، رسالة ماجستير غير منشورة.

ليلى، مطالب، 2016. اتجاهات المستهلكين الجزائريين نحو التسوق عبر الانترنيت-دراسة ميدانية، مجلة البحوث الاقتصادية و المالية، العدد ٦، ص ص 81 – 104.

مليكة، حاسي 2016. مواقع التواصل الاجتماعي والتسويق التجاري "دراسة في الأهمية والمميزات". مجلة الحوار الثقافي، الجزائر: المجلد 5، العدد 1، ص 272-281.

الموسى، عصام سليمان 1989. المدخل في الاتصال الجماهيري. الاردن: مكتبة الكتاني للنشر و التوزيع.

هليل، ياسمين أيمن و الشربيني،محمد سعد الدين و الحديدي، محمد فضل 2023. توعية الجمهور المصري بمنتديات شباب العالم عبر مواقع التواصل الاجتماعي :دراس ة ميدانية على الشباب المصري.المجلة العلمية لكلية الآداب جامعة دمياط، مصر: المجلد 12،العدد 5، ص 51-81.

Al-Jallad, Marian, 2019. Implications of Social Media Use on Consumer Behavior and Habits. Algerian Journal of Communication Vol. 18, Issue 2 pp.199-219.

Apuke, O., 2017. Quantitative Research Methods: A SynopsisApproach. Arabian Journal of Business and Management Review (Kuwait Chapter). Available online at: - https://www.researchgate.net/publication/320346875_Quantitative_Research_Methods_A_Synopsis_Approach

Ball-Rokeach, S.J. and DeFleur, M.L., 1976. A dependency model of mass-media effects. Communication research, 3(1), pp.3-21.

Brunswick, Gary J., 2014. A Chronology of the Definition Of Marketing. Journal of Business & Economics Research, the clute institute, Volume 12, Number 2 Pages 105-114.

Chan Kim, Yong, 2020. Media System Dependency Theory. Yonsei University, South Korea, Available online at: - https://www.researchgate.net/publication/345737612_Media_System_Dependency_Theory

Fang, Yue, 2020. In the Web2.0 Era, Social Media Marketing Brings Business Opportunities to Enterprises. Open Journal of Business and Management, Vol.8 No.2, pp923-931.

Hosni, Awad, 2011. the Impact of Social Networking Sites In the Development of Social Responsibility among Young People. Research Publication, Jerusalem: Al-Quds Open University.

Hulin, C., Netemeyer, R., and Cudeck, R., 2001. Can a Reliability Coefficient Be Too High? Journal of Consumer Psychology, Vol. 10, Nr. 1, 55-58.

Kaplan, A. M., & Haenlein, M., 2010. Users of the world, unite! The challenges and opportunities of Social Media. Business Horizons, Volume 53, Issue 1, PP. 59-68.

Neti, S., 2011. Socıal Medıa And Its Role In Marketıng. International Journal of Enterprise Computing and B International Journal of Enterprise Computing and Business Systems, 1(2).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp454-472

Onyx, J., 2014. Social impact, a theoretical model. Cosmopolitan Civil Societies: An Interdisciplinary Journal, 6(1), pp.1-18.

Paquette, Holly, 2013. Social Media as a Marketing Tool: A Literature Review" Major Papers by Master of Science Students, Available online at: -https://digitalcommons.uri.edu/tmd_major_papers/2

Soegoto ,E S and Utomo, A T, 2019. Marketing Strategy through Social Media. IOP Conference Series: Materials Science and Engineering, Volume 662, Issue 3. Available online at: -https://iopscience.iop.org/article/10.1088/1757-899X/662/3/032040

Stebbins, R.A., 2001. what is exploration? Exploratory research in the social sciences, 48 pp.2-17. Available online at:https://www.researchgate.net/publication/309967516_Exploratory_research_in_the_social_sciences_what_is_exploration#fullTextFileContent.

Van Duong, H., 2020. Measuring Customer Satisfaction Towards Microfinance Services Provided in Vietnam. The Journal of Social Sciences Research, 6(3), pp.325-334. jssr6(3)325-334.pdf (arpgweb.com)

Wilkie, Willam L & Moore, Elizabeth S., 2007. What Does the Definition of Marketing Tell Us about Ourselves. Journal of Public Policy & Marketing. Available online at: -https://www.researchgate.net/publication/237240707

Yin, R. K., 2018. Case study research and applications: Design and methods (6th ed.). Thousand Oaks, CA: Sage. · Chapter 2, “Designing Case Studies: Identifying Your Case(s) and Establishing the Logic of Your Case Study” (pp. 25-80)